

# پێمدەڵێن!

چەند گۆشەیەك
دەربارەی خەمەکانی ژنان

کنێر عەبدوڵلا

# پێم دەڵێن!

چەند گۆشەیەک دەربارەی خەمەکانی ژنان

هەواڵنامەی کتێب

کنێر عەبدوڵڵا

# پێم دەڵێن!

## چەند گۆشەیەك دەربارەی خەمەکانی ژنان

هەواڵنامەی کتێب

سلێمانی ٢٠٠٩

ناوی کتێب: پێم دەڵێن! چەند گۆشەیەك دەربارەی خەمەکانی ژنان

نووسینی: کنێر عەبدوڵڵا

مۆنتاژی ناوەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٧٥٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم: ٢٠٠٩

ژمارەی سپاردن: (١٦٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٤١-

هەواڵنامەی کتێب

## دەستپێك

وتووێژو قسەکردن لەسەر کۆی کێشەوگرفتەکانی تایبەتن بە ژنان لەسەر ڕووبەری کەناڵە جۆربەجۆرەکان پانتاییەکی زۆری قسەکردنو نووسینی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا (بینراوو بیستراوو نوسراو) کە بەشێوەیەکی گشتی دەربڕینو لێکدانەوەیە لەسەر کۆی قوربانییەکان، واتە ژنانێك کە بەهۆی هۆکارگەلێکی دیاریکراوەوە دووچاری کوشتن، سوتاندن، لاقەکردن، گێچەلکردنی سێکسی، ڕەدووکەوتنو فریودان دەبن، جگە لە گشت ئەو توندوتیژییە جۆربەجۆرانەی بەگشتی خۆی لە دوو شێوەی سەرەکی جەستەییو دەروونیدا دەبینێتەوە. بە بڕوای من ئەگەرچی هەموو ئەو باسانە گرنگن، بەڵام قسەکردن لەسەر قوربانییەکانی ژنانو سەرقاڵبوونە بە ڕابردووەوە.

ئەوەش وایکردووە لایەنێکی گرنگی مەسەلەکان فەرامۆشبکرێت، ئەویش تاوتوێکردنو شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی کۆی ئەو مەسەلە هەنوکەییە ڕۆژانانەیە کە هەمیشە هەڕەشەن بۆ سەر گیانو ژیانی سەرجەم ئەو ژنانەی لەنێو خێزانو ناوەندەکانی دیکەدا ژیان دەگوزەرێنن.

کۆکردنەوەی بابەتەکانی ئەو گۆشەیەم، کە بۆ ماوەی ساڵێك لە "ڕۆژنامەی ناسۆ"دا درێژەی هەبووەو بەچاپگەیاندنی لە دوو توێی ئەم کتێبە بچکۆلانەیەو لە ژێر ناونیشانی "پێم دەڵێن"وروژاندنی کێشە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆی ژنانو خستنەوەی دیالۆگی زیاترە دەربارەیان، چونکە بوونەتە مۆتەکەو هەڕەشە لە ژیانی سەدانو هەزاران ژن دەکەنو کاریگەریا لەسەر خێزان هەیەو ناسەقامگیریی کۆمەڵگەیان لێ دەکەوێتەوە. هەر بابەتێکی ئەم گۆشەیە، ئەگەرچی لەسەر زاری ژنێکەوە گوزارشتی لێ کراوە، بەلام تەعبیرکردنە لە کێشەی ڕێژەیەکی زۆری ژنانی

کۆمەڵگەکەمان، کە پێویستی بە کاری هەمەلایەنە هەیە، بەپێی ستراتیژو پلانی ڕوونو ئاشکرا. واتە فەرمانڕەوایان لەلایەكو ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ژنان لەلایەكو ڕاگەیاندن لەلایەکی دیکەوە. وێڕای هەموو ئەوانەش، سەربەخۆیی، چەسپاندن، جێگیربوونو کارکردن بە دەسەڵاتی دادوەریی و سەقامگیربوونی یاسا لایەنێکی دیکەی گرنگیی مەسەلەی چارەسەرکردنەکانە، کە هیوادارم دەروازەیەك بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتری خەمەکانی ژنانو بابەتو گفتوگۆو دیالۆگی زیاتر بخولقێنێت، چونکە لە ڕووی واقیعیەوە باسکردنی ئەو مەسەلانە، بەهۆی هەستیاریو ژینگەی پەروەردەییو جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەنێو چوارچێوەی ژیانی هاوسەرگیری و خێزانیدا قەتیسبووەو بردنە دەرەوەی بە بڤەو عەیبەو حەرامکراو دادەنرێت. ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی جیاوازتری بۆ ژنان خولقاندووەو وێڕای کاریگەریو فشارە دەروونییەکان، کێشەو گرفتی جۆربەجۆری بۆ ژنان دروستکردووەو

هەواڵنامەی کتێب

بەهۆی نادامەزراوەیی دامودەزگاکانو بێ پشتیوانی لە ڕووی کۆمەڵایەتیو یاساییەوەو بوونی هۆکارگەلی دیکەی زیانبەخش ژن بۆتە قوربانی یەکەم.

باسکردنوگەیاندنی کێشە ڕاستەقینەکان وەك خۆی، ڕێگەو شێوازو کەناڵی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت، نوسین یەکێکە لەو دەروازانەی کاریگەرەو کارئاسانی دەکات بۆ گۆڕینی ڕەوتی مەسەلەکانو ناڕاستەکردنیان بە بارێکی تردا. ئومێدەوارم ئەم کتێبە شێوازێکی دیکە بێت بۆ کارکردنی بەکردەوەو کاریگەر لەپێناو خزمەتکردنی مەسەلەکانی ژناندا کە پەیوەستە بە خەم و گەشەکردنەکانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

لێرەشدا ڕێزو پێزانینو سوپاسم دەکەمە سەرەتایەك بۆ گشت ئەوکەسو لایەنانەی هاوکارییان کردووم بۆ کۆکردنەوەو.بەئەنجام گەیاندنو بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەم. بەهیوای سوودمەندی بۆگشت خوێنەرەکانی.

کنێر عەبدوڵلا 2009/5/10

## پێم دەڵێن

مێژووی کۆمەڵگەکان دەریخستوە، مرۆڤەکان هەمیشە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردن، لە ململانێدا بوون بۆ پاوانخوازی، تەرازووی هێزیش بەلای هەر لایەکدا بووبێ، هەوڵی داوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی‌و دەرخستنی هێزی خۆی بۆ بەرامبەرەکانی. ئەمە لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکاندا زیاتر بەرجەستەبووە، کاتێك ئەقلیەتی نێرسالارانە زاڵبووەو جیاوازیی ڕەگەزەکان هاتۆتەناراوە، سەرەنجامیش مافەکانی ژنان پێشێل کراون. ئەو جیاوازییەش ئەوەندەی بەرهەمی کولتورێکی نادروستو نەریتێکی سەپێنراوو پەروەردەکردنێکی باوکسالارانەیە، ئەوەندە گرێدراوی خودی پیاوان نییە وەك ڕەگەزێك. بۆ

بەرەنگاربوونەوەی ئەو جیاوازییە بەدرێژایی ڕۆژگار تێروانین‌و هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی ژنان لەلایەن ڕەگەزەکانەوە هەبووەو ڕەهەندی جۆربەجۆری لەخۆگرتووەو کارکردن بۆ چارەسەرکردنی بنەبڕانەی ئەو گرفتەو هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانەی شارستانی، هەنگاوی جیاجیای بەخۆوەبینیوە، کە زۆرجار دژیەکبوونی بیروڕاکان، پەرشوبڵاوی تواناکان، قاڵ نەبوونی مرۆڤەکان‌و کۆکنەبوونی لایەنەکان لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی کارکردن، ئەنجامی ڕەگەزخوازیی پیاوان، بەحیزبیکردن‌و ئایدۆلۆجیکردنی ڕەوتە جیاوازەکان، زیان بەخودی مەسەلە ڕاستەقینەکانی ژنان گەیشتووە.

"پێم دەڵێن" دەروازەیەکی ترە بۆ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی گرفت‌و ڕازە وردو درشتەکانی ژنان. بەو هیوایەی لە گۆشەنیگایەکی مرۆڤدۆستانەی هەمەلایەنەوە بتوانرێت سەیری مەسەلەکانی ژنان بکرێت‌و هاوشانی بیروڕا هاوشێوەکان کاریگەریی

هەبێت لەسەر مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەمان، بۆ هەڵوەستەکردنی جیدیی و بوێرانەو کۆششکردن بۆ گۆڕینی تێڕوانینی کۆنپارێزی باوو تێکشکانی کۆت و بەندە ڕێگرەکان. هاوکات ڕۆشناییەکی زیاتر بخرێتە بەردەم دەسەڵاتدارانی نیمرۆی کوردستان، هەتا ئاوڕدانەوەیەکی پڕبایەخ و خەمخۆرانەتریان هەبێت و هەنگاوی شێلگیرانەو کاریگەرتر بنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە پەرەسەندندان و هەڕەشەی مەترسیداری لە چارەنووسی کۆمەڵگە بەگشتی دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## وەك خۆم قبوڵم بكە!!

زۆرن ئـەو خەمانـەی ڕۆژانـە لـەنێو خێزانەکانـدا ڕووبـەڕووی ژنـان دەبنـەوە، ئەگەرچـی هەنـدێکیان بەرجەستەنینو ئاشکرا بەرچاوناکەون، بـەڵام سەرچـاوەی دڵەڕاوکێو ئازارێکی زۆری دەروونین بۆ ژنان.

"وەك خۆم قبوڵم بكە"، دەربڕینی ژنەهاوسـەرێکە بـۆ مێردەکـەی، چـونکە بەدەسـت پابەنـدبوونو مامەڵەکردنی ئائازادانەی ئەوەوە دەناڵێنێ. نموونـەکانی ئـەو پێوەناڵاندنانـەش زۆرن، وەك: کاتێـك ژنەکـە شـادمانەو پێدەکـەنێت، ئـارەزووی چـوونە ئاهـەنگو سەیرانگەی هەیـە، حـەزدەکات سـەردانی هاوڕێیـەکی بکـات، بخوێنێتـەوە، پشـوویدات، بچـێتە دەرەوە، گوزارشت لە خۆشەویستیی خۆی بکات...هتد، کەچـی

مێردەکەی لە زۆربەی ئەو کاتو بارودۆخانەدا بەپێچەوانەوە ڕەفتاردەکات. ئەنجامی ئەوەش ژنەهاوسەرەکە هەست بە زۆرلەخۆکردن دەکاتو وریادەبێت بەرامبەر بە هەر هەڵسوکەوتێك کە مێردەکەی بەدڵی نییە یان بە هەڵەی دەزانێت.

هەموو ئەو جیاوازییە سروشتیانەی نێوان هاوسەرەکان، ئەگەرچی دڵەڕاوکێو ململانێو کێشە دەخوڵقێنن، مەسەلەیەکی ئاساییەو خراپ نییە، بەتایبەتی ئەگەر دوو هاوسەرەکە بتوانن ڕێز لە خاڵە جیاوازەکانی یەکتری بگرنو هەریەکەیان ئەوی دیکە وەك خۆی قبوڵ بکات، نەك وەك دەیەوێت. بێگومان ئەمەش گرێدراوی ئاستی هۆشمەندیی هەریەکێکیانە، هەتا شارەزایی نوێی زیاتر بەدەستبێنن بۆ لێك نزیکبوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ یەكو ئەو واقیعەدا، بەبڕوابەخۆبوونو تواناوە نەك هەڵهاتن لە جیاوازییەکان، ئەوا دەشێت ئەو جیاوازیانە پەیوەندیی هاوسەرگیریی دەوڵەمەندو بەهێز بکەن.

لێرەوە دەتوانین بڵێین، هاوسەرە بەختەوەرەکان ئەوانەن لە یەک کاتدا هاوشێوەو جیاوازن، واتە لێکچوونیان هەیەو خاوەنی خەسڵەتی وەهاشن کە لێکیان جیادەکاتەوە، چونکە بوونی جیاوازییەکان مانای دەوڵەمەندکردنی هاوسەرگیری‌و یەکتر تەواوکردنی ژن‌و مێردە. هەر ئەمەش دەبێت وا لە هاوسەرەکان بکات یەکتر لەقاڵب نەدەن، بەڵکو یەکتر قبوڵ بکەن وەک هەن.

هەواڵنامەی کتێب

## هەست بە نائارامی دەکەم!!

گێچەڵپێکردن لە شوێنە گشتییەکان، وەك سەر ڕێگاوبانەکان، ناو کۆڵانەکان، لە بازاڕو سوپەرمارکێتەکاندا، یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، جا پلەی کۆمەڵایەتیان هەرچییەك بێت و تەمەنیان هەرچەندێك بێت. لێرەدا دەشێت وەك هەندێك وڵات ئەو کارە بە شێرپەنجەی کۆمەڵگە ناوبەرین.

"هەست بە نائارامی دەکەم" دەربڕینی یەکێکە لەو ژنانەی زۆرجار گیرۆدەی دەستی گێچەڵپێکردن بوە، جا ئەوە بە توانجی زۆربۆهێنەر بووبێ یان پیاداهەڵدانی نەویستراو یاخود چرنوكو دەست بۆ بردن؛ چونکە ئەنجامی ئەو کارە دزێوە نائاساییە توشی نائارامیو دڵەڕاوکێ دەبێت. تەنانەت جاری وا هەیە، ئەنجامی

نەبوونی لێپرسینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی گێچەڵپێکردنەکە، مردنی خۆی دەخوازێت.

بێگومان هۆکاری زۆرن لە پشت فراوانبوونی دیاردەی گێچەڵپێکردنەوە، لەوانە بێکاریی، سەختیی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری، لاوازی پەیوەندیی هاوڕێیەتی ڕەگەزە جیاوازەکان، قەتیسبوونی دەرفەتی پەیوەندییە سێکسیەکان لەناو خێزاندا، نەگەیشتن بە چێژوەرگرتنی سێکسیو شەرمو ترس لە دەربڕینی ئارەزووە سێکسیەکانو ناسروشتی پەروەردەبوونی مرۆڤەکان. هەریەکێك لەو هۆکارانە کاریگەریی هەیە لەسەر پەرەپێدانی نابوریو توانا مرۆییەکانو دواتر نائومێدی، ناارامیو دڵەڕاوکێ دەخوڵقێنێتو کاری وەك گێچەڵپێکردنی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها بێدەنگبوونو تۆمارنەکردنی سکاڵاکانو نەبوونی مەرجەعێکی تۆکمەی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان لە لایەن حکومەتەوە، هۆکاریکی تری ئەم کێشەیەیە.

بۆیە ئەرکی دەزگا بەرپرسەکانە ئاوڕێکی خەمخۆرانەو جیدی لێ بدەنەوەو هەڵوەستە لە ئاست ئەم خەمەدا بکەن. داواکراویشە لە ژنان، ئەنجامی ئەو کارە قێزەونە هەست بە نائارامیو سوکایەتی نەکەن، چونکە ئەوان قوربانینو بەبێ ویستی خۆیان دەستدرێژی دەکرێتە سەریانو ڕێزی ئەو پرنسیپە ناگیرێت کە دەڵێت "ئازادی تۆ لەوێدا تەواودەبێت کە ئازادیی من دەستپێدەکات" .

هەواڵنامەی کتێب

## هەموو پیاوەکان وەك یەکن !

پەیمانی نێوان دوو مرۆڤ شێوازی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت، یەکێك لەوانە پرۆسەی خۆشەویستییە بۆ یەکترناسین و لێك تێگەیشتن، کە دەشێت ڕاستگۆیانەبێت و بەخواستی هەردوولا قوڵبێتەوە تا دەگاتە ئاستی دەستگرتن و پەیوەندیی جەستە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی دەرەنجامەکانی ئەو پەیوەندییە لەسەر پێکهێنان یان نەهێنانی هاوسەرگیری.

"هەموو پیاوەکان وەك یەکن !" دەربڕینی کچێکە کە کۆتایی بە پەیوەندیی خۆشەویستیی هاتوە کە بەخواست و ئارەزووی خۆی چۆتە ناوییەوە. ئەو لەبری ئەوەی واقعبینانە پەیوەندییەکە هەڵسەنگێنێ و

هەواڵنامەی کتێب

بەهۆشمەندییەوە خوێندنەوەی هەمەلایەنەی بۆی هەبێت‌و وەك ئەزمونێك سوودی لێ وەربگرێت، متمانەو باوەڕی بە پیاوان نەماوەو بەیەك چاو سەیری پیاوان دەكات. سەرئەنجامیش دابڕان لەلایەكەوە بۆتە مایەی ڕق لێ بوونەوەو تۆڵەسەندنەوە، لە لایەكی دیكەشەوە هەستی نائومێدی، تۆبەكردن، خۆ بەقوربانی زانین‌و بەرامبەر بە تاوانبار دانان هاتۆتەئاراوە. بێگومان ئەمەش گرێدراوی هۆشمەندیی كچەكەیە دەربارەی پەیوەندیی پێش هاوسەرگیری، كە وەك قۆناغی لێك تێگەیشتن سەیری ناكات كە زۆرەملێ نییە بۆ هیچ لایەك‌و دەشێت كاتی نەسازان‌و نەگونجان كۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵكو وەك ڕێگەیەك بۆ شادبوونی دڵنیایی بە ئامانجێك تەماشادەكرێت، ئەویش پێكهێنانی هاوسەرگیرییە.

قۆناغی یەكترناسینی پێش هاوسەرگیریی بۆ كۆمەڵگەیەكی داخراوی وەك كوردستان زۆر پێویست‌و گرنگە، چونكە دەرفەتی یەكترناسین دەڕەخسێنێ‌و ئەوە

ئاشکرادەکات داخۆ دوو کەسەکە دەتوانن ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن یان نا. جا ئەگەر جیاوازییەکان زۆربوون‌و ناکۆکییەکان کوشندەبوون، ئیتر بۆ دەبێت پەیمانی هاوسەرگیری مۆربکرێت‌و سەرەنجام پاش چەندساڵێك دوای ناخۆشیی زۆرو لەدایکبوونی منداڵ لێکترازان ڕووبدات. لێرەشدا دەبێت بوترێت هاوسەرگیری بە فشارو لەژێر کاریگەریی هەڕەشەدا پێك ناهێنرێت، بەڵکو بەئارامی‌و لەسەر بنچینەی کۆڵەکە پێویستەکانی بنیاتدەنرێت. هەروەها دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە تۆڕەبوون‌و تۆڵەسەندنەوەی دوای پەیوەندیی خۆشەویستی، گومان دەخاتە سەر خودی خۆشەویستیەکە، چونکە خۆشەویستی دراوێکە هەردوو دیوی خۆشەویستیە.

هەواڵنامەی کتێب

## دەگمەن هەست بە ڕەحەتبوون دەکەم !!

تێگەیشتن لە مانای سێکس‌و ئەنجامدانی کرداری سێکسی نێوان ژن‌و مێرد پرۆسەیەکی نارەزومەندانە، درێژخایەن‌و چێژوەرگرتنی دوو لایەنەیەو شێوازی ئەنجامدان‌و دەربڕینی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت، هەتا هەردوولا وەك یەك بگەنە ئاستی ڕەحەتبوون. بێگومان ئەوەش گرێدراوی ئاستی ڕۆشنبیریی سێکسی تاکەکان‌و تێڕوانینی کۆمەڵگەیە بەرامبەر بەو کردارە سروشتییە پێویستەی نێوان ژن‌و مێرد.

"دەگمەن هەست بە ڕەحەتبوون دەکەم" دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە دەربارەی پەیوەندیی سێکسیی نێوان خۆی‌و مێردەکەی‌و باس لەوە دەکات زۆرکەم دەگاتە ئەو ئاستەی چێژوەرگرتن کە بە ڕەحەتبوون ناودەبرێت.

هەواڵنامەی کێڤ

سـەرنەنجامیش دڵـەڕاوکێ، نائـارامی، لادانو ڕق لێبوونەوە سەریهەڵداوەو ساردیی سێکسی کەوتۆتە نێوان خۆیو مێردەکەیەوە. هۆکارەکانی ئەو گرفتە زۆرن، هەندێکیان پەیوەندیان بە مێردەکەوە هەیە، بەوەی ئەنجامدانی ئەو کردارە لای ئەو پرۆسەیەکی کورتخایەنو پەلەیەو ئامانج چێژوەرگرتنی یەکلایەنەیە، بێ گوێدانە هەستی لایەنی دووەمی. واتە لەبەرچاونەگرتنی ئەو شێوازانەی دەبنە هۆی وروژاندنو ڕەحەتبوونی ژنەهاوسەرەکەی. هەندێکی دیکە پەیوەندیان بە ژنەهاوسەرەوە هەیە، وەك ئامادەنەبوونی دەروونیی بۆ ئەو پرۆسەیە، ڕقلێبونەوەو سەیرکردنێکی دوژمنکارانەی بۆ مێردەکەی یان بۆ خودی پرۆسەکە، ناکاریگەری شێوازەکانی جووتبوونو نەگەیشتن بە لوتکەی وروژاندن، ڕاڕاییو دڵەڕاوکێ، نەبوونی هەستی خۆشەویستی. هەندەکەی دیکەش پەیوەندیان بە کۆمەڵگەو تێڕوانینی باوەوە هەیە بۆ پەیوەندیی سێکسی کە لە تێڕوانینێکی نێرسالارانەوە

سەرچاوەدەگرێت‌و تیایدا مێرد ئاکتیڤەو ژنەهاوسەر پاسیڤە.

لێرەوە هۆشمەندیی سێکسی تاکەکان، وەك پێویستییەکی واقعی، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا فەرامۆشکراوەو وەك ناوچەیەکی حەرامکراو سەیردەکرێت. هەروەها بوونی سۆزی قووڵی ڕۆحیی نێوان ژن‌و مێرد کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییەکی سەرکەوتوی سێکسی، چونکە ئەو پرۆسەیە بەبێ خۆشەویستی نابێتە هۆی دروستبوونی پردی پەیوەندیی پتەو لە نێوانیاندا، بەڵکو هەستی تێرنەبوونی زیاتر دەچەسپێنێت. واتە لەبری ئەوەی ببێتە هۆکاری لێکنالانی ڕۆحی‌و دەروونی ژن‌و مێرد، دەبێتە مایەی نامۆبوون‌و لێکترازانی هەردووکیان.

## ڕقم لە خۆم دەبێتەوە!

فرەژنــی لــە کۆمەڵگــە ڕۆژهەڵاتیەکانــدا بۆتــە دیاردەیەکی ئاسایی‌و باوو ڕۆژانە لەنێو سەرجەم چین‌و توێژەکان‌و لە هەموو کایەو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا ڕوو لە زیادبوونە، بەبێ گوێدانە هەست‌وسۆزو ویستی ئـەوی دیکە. لێرەشدا لەبەر ئـەوەی هیـچ بەرپرسیارێتیەکی یاسایی واقعی بەرامبـەر بـە ژنەهاوسـەرو منداڵـەکان ناکەوێتە ئەستۆی ئەنجامـدەرانی ئـەم دیاردەیـە، بۆیـە دەبینین پیاوان بێباکانـەو تاکلایەنانـە بڕیـاری هێنـانی زیاد لـە ژنێـك دەدەن، ئەگـەر ژنـی یەکـەمیش ڕەزای نـەبێت بـەوە، ناچـاردەکرێت یـەکێك لـە دوو ڕێگـە هەڵبژێرێت: مانەوەی ناچاری لە ژێر بنمیچێکدا لەگـەڵ مێرەکەی‌و ژنەکەی یان جیابوونەوەو لێکترازانی خێـزان، کە لە هەردوو بارەکەشدا هەر ئەو قوربانی دەبێت.

"ڕقم لە خۆم دەبێتەوە" دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە، کاتێك مێردەکەی بەهۆی دەوڵەمەندبوونەوە ئارەزووی هێنانی ژنی دووەم دەکات و ئەویش لەبەر بێلانەیی و داڵدەنەدانی لەلایەن ماڵە باوکان و کەسوکارەوە، ناچارە قبووڵی دۆخەکە بکات و لە هەمان ماڵدا بمێنێتەوە. ئەنجامی ئەمەش دووچاری دڵەڕاوکێ و نائارامی بووە و هەست بە سوکایەتی و ڕقلێبوونەوە دەکات.

بێگومان مانەوەی ژنەهاوسەر لەو واقیعەدا گرێدراوی کۆمەڵێك هۆکارە، لەوانە: سەربەخۆنەبوونی ئابووریی، بێلانەیی، قوربانیدان بەخۆی لەپێناو منداڵەکانیدا، عەیبەو ئانەو قسەوباسی خەڵکی و حوکمی بێبەزەییانەی کۆمەڵگە. فرەژنیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گرێدراوی ناهوشیاریی تاکەکان و ئەو ئەقلیەتە پیاوساڵارییەیە کە هەمیشە وەك کاڵایەك تەماشای ژن دەکات و خراپ سوود لەو ئایەتانەی قورئان وەردەگرێت کە تایبەتن بە فرەژنیی مەرجدارو مانای پێشێلکردنی مافی مرۆڤێکی دیکەیە، چونکە

مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت هاوکات هەستی خۆشەویستیو پێداویستیی جەستەیی وەك یەك بداتە هاوسەرەکانو بەدڵنیاییەوە ئەوەیان بەشی زۆر دەبات کە گەنجترو نوێیەو زۆرزانترە لە ڕاکێشانی سەرنجی مێرددا.

## بەدگومانم لە مێردەکەم !!

ئەڵقەی هاوسەرگیری، ئەگەرچی بە پێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانی بەخۆوە دیوە، بەلاّم لە هەموو قۆناغێکدا سومبولێك بووە بۆ ڕاگەیاندنو ناساندنی پرۆسەی هاوسەرگیریو گەیشتنی دوو مرۆڤ بەیەکتری لە خێزانێکدا.

"بەدگومانم لە مێردەکەم" دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە سەبارەت بە مێردەکەی، کە میزاج ڕۆڵ دەگێڕێ لە بەکارهێنانی ئەڵقەی هاوسەرگیریدا. بۆیە دەبینێت لە ماڵەوە لە دەستیدایەو لە دەرەوە لە دەستی ناکات یان لەدوای پێکگەیشتنی هاوسەرگیری فڕێیدەدات. ئەم هەڵوێستی مێردەکە چەندین پرسیاری لای ژنە هاوسەر دروستکردووەو ڕاڤەی جیاوازیشی بۆ

دەکات. ئەو دەپرسێت داخۆ مەبەست لە داکەندنی ئەڵقەکە نیشاندانی سەڵتەبوونو بێ هاوسەرییە بۆ دەوروبەر، واتە کردنەوەی دەرگایە بەڕووی پەیوەندیی نوێدا، یان نیشانەی بێزاربوونو نەگونجانە لەگەڵ ژنەهاوسەردا، یاخود هەستکردنێتی بە جۆرێك لە حەساسیەتو خورانی پێست. ئەگەر داکەندنی ئەڵقەکە حەساسییەت بێت، ئەوا قبوڵکراوەو چارەسەریشی هەیە. ئەگەر بێتاقەتیو بێزاریی بێت لە ژنەهاوسەرەکە، ئەوا باشترە بێ پەردەو ئاشکراو ڕاستگۆیانە قسەی لەسەر بکاتو دوای نەبوونی چارەسەر سنوور بۆ پەیوەندییەکە دابنێ، بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکان هەتا هەریەکەیان ئازادانەو ئارەزومەندانە بڕیاری لێ بدەن. چونکە ئەگەر مەسەلەکە فەرامۆشبکرێت، ئەوا سەرئەنجام ئەوە دڵەڕاوکێی دەروونیی، بێتاقەتیو بەدگومانیی لای ژنەهاوسەر دروستدەکاتو درزێك دەخاتە پەیوەندییەکەوەو داهاتووی دەخاتە ژێر نیشانەی

پرسیارەوە. ئەگەر ئەوانەی سەرەوە هۆکار نەبن بۆ داکەندنی ئەڵقەی هاوسەرگیری، ئەوکاتە لە سەرەتاوە بەپەرۆش و خۆشییەوەو ئارەزومەندانە لە دەستی نەدەکرد.

دەبێت بوترێت کە بەکارهێنانی ئەڵقەی هاوسەرگیریی نیشانەی بەستنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە لەنێوان دوو مرۆڤی ئازاددار ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوون و زیندوو ڕاگرتنی ئەو پەیمانەو ناکرێت. لایەك بەبێ ڕەزامەندیی ئەوی دیکە سمبولی ئەو پەیمانە وەلاوەبنێ.

## دانیشە با بینن نەبیت !!

پەردەی کچێنی لای ئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگیی خۆی هەیەو بە بڕوانامەی پاکیزەبوونی کچ دادەنرێت. بۆیە لەدەستدانی ئەو پەردەیە لە پێش هاوسەرگیرییدا کێشەی جۆربەجۆری خێزانیی لێ دەکەوێتەوەو دەگاتە ڕادەی لێکترازانی پەیوەندییەکەو کوشتنی کچەکە.

"دانیشە با بێن نەبیت" دەربڕینی کچێکە بەدەست توانجو دەربڕینو تێڕوانینەکانی دایکو باوکییەوە دەناڵێنێت، ئەویش بە ڕێگرتن لەو خولیایەی لە منداڵییەوە هۆگرێتیو نایەڵن بەدڵی خۆی بچێتە بواری وەرزشەوە، بە پاساوی لەدەستدانی پەردەی کچێنی، چونکە پێیانوایە بەهۆی جوڵەی دژواری

جەستەو وەرزشکردنەوە زەبری بەردەکەوێت‌و دەدڕێت .
بێگومان ئەو تێڕوانینە لەلایەك گرێدراوی هۆکاری کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌و دابونەریتە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی بە پاراستنی ئەو پەردەیەوە هەیە کە بەپێی ئەقڵیەتی کۆمەڵگەی پیاوسالاری شەرەفی نێرینە، عەشیرەت، خێڵ‌و خێزانی پێوە بەندەو ئەمانی نابڕوچوون دەخولقێنێت. ئەنجامی ئەوەش هەستی نائارامیی، دڵەراوکێ، سنوورداربوون، چەپاندن‌و جیاوازیی ڕەگەزیی دەخولقێت. وێڕای ئەوانە تێڕوانینەکان گرێدراوی ئاستی هۆشمەندیی تاکەکانیشە.

پەردەی کچێنی لە ڕووی زانستییەوە، بەپێی مێینەکان جۆرو شێوەی جیاواز لەخۆدەگرێت‌و ڕاست نییە کە بەهۆی وەرزش‌و پاسکیل لێخوڕین‌و کاری سەختەوە زیانی پێدەکەوێت‌و ئەگەر بەدەگمەنیش ئەوە ڕوویدا، ئەوا دەبێت مێشکفراوانانە سەیری بکرێت‌و هەرگیز دروست نییە ئەوە پێوەرێك بێت بۆ پاکیزەبوونی مێینەو نابێت هۆکارێکیش بێت بۆ کۆتاییهێنان بە

ژیانی، چونکە پاکیزەبوونی مێینەیەک لە سانتیمەترێکی جەستەیدا قەتیس ناکرێتو مەسەلەی ئەخلاقیش مانایەکی لەوە فراوانتری هەیەو گرێدراوی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتیە نەک پەردەی کچێنی.

## خۆشەویستیی مێردەکەم لاوازبووە!!

خۆشەویستی چەمکێکە بەشێوەو واتای جیاواز لێکدەدرێتەوەو بەجۆری جیاوازیش لەنێوان دوو مرۆڤدا سەرهەڵدەدات. هەندێك بەهەستێکی دەزانن کە خواکردەو مرۆڤ ناتوانێت جڵەوی بکات‌و پێویستە لەگەڵیدا هەڵبکرێت. هەندێکی دیکە گرێیدەدەنەوە بە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانەوەو بە سەرەنجامی یەکترناسینی دادەنێن. هەندێکی دیکەش نازانن بۆ چۆن سەرهەڵدەدات‌و کاریگەریی دەخاتە سەر ژیانی مرۆڤ. هەریەکێك لەو تێڕوانینانە ڕاست بێت، گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی هەستێکی جوانەو وادەکات مرۆڤەکان بەختەوەربن، خونچەبکەن، ژیانیان خۆشبوێ‌و بۆی پێبکەنن.

"خۆشەویستیی مێردەکەم لاوازبووە"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە پێیوایە مێردەکەی لەپاش پێکگەیشتن‌و پێکهێنانی خێزانەوە خۆشەویستییەکەی وەك جاران نەماوەو لاوازبووە. واتە وەك جاران وشەی ناسك‌و پڕ هەستوسۆز نادات بەگوێیداو بەگەرمیی ڕابردوو دەستەکانی ناگرێت‌و وەك سەردەمی پێشوو کاتی زۆری لەگەڵ بەسەرنابات. ئەمەش گرێدراوی ئەو باوەڕەیە لای پیاو کە پاش پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بەکارهێنانی وشە گرنگیی نامێنێت‌و نواندنی کاری پڕ سۆزیش پێویست ناکات‌و ئەنجامدانی ئەوانە ڕیاکاری‌و ماستاوکردنە، چونکە وەك جاران لێك دوورنین‌و لەژێر بنمیچێکدا کاتی زۆر بەسەردەبەن. لای ژنیش گرێدراوی ئەو بڕوایەیە کە خۆشەویستی هەمیشە یەك ئاڕاستەو ڕادەی هەیە.

دەبێت لێرەدا بوترێت، ئەگەرچی پێکگەیشتن دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕان بەسەر ناوەڕۆك‌و جۆری دەربڕینی خۆشەویستیدا بێت، بەڵام دەربڕین‌و

کارپێکردنی مەرجێکی گرنگە بۆ گەرم ڕاگرتنی پەیوەندییەکەو بەختەوەربوونی هەردوولاو فەرامۆشکردنی خۆشەویستی درز دەخاتە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوەو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بێمتمانەیی بە بەرامبەرو بێبڕوایی بەخۆ.

## مێردەکەم درۆم لەگەڵ دەکات!!

ڕاستگۆیی لە نێوان مرۆڤەکاندا کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لێك تێگەیشتنو پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە، بە تایبەت لەنێوان ژنو مێرد لە پێشو پاش پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیریدا. لە دەستدانی ئەم کۆڵەکەیە هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر ژیانی هاوسەرگیریو نزیك بێت یان دوور کاریگەریی خراپ جێدەهێڵێت.

"مێردەکەم درۆم لەگەڵ دەکات" دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە ئەنجامی ناڕاستگۆیی مێردەکەی بێزارو نائارام بووەو ژیانێکی هاوسەرگیریی پڕ دڵەڕاوکێ بەسەردەبات. سەرئەنجامیش بێ متمانەیی زاڵبووە بەسەریداو ترسی لێکترازانی ژیانی خێزانی لێ نیشتووە.

هۆکارەکانی ڕاستگۆ نەبوون زۆرن، یەکێك لەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی پەروەردەکردن‌و پێکهاتەی مرۆڤەکان‌و نەریتی کۆمەڵایەتی‌و بە درۆی سپی ناودەبرێت. یەکێکی دیکە گرێدراوی ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە ڕاستگۆیی ڕەهانییەو دەشێت بۆ پاراستن‌و زیان نەگەیاندن بە پەیوەندییەکەو بریندارنەکردن‌و هەست نەڕوشاندنی بەرامبەر هەندێك جار وەلاوەبنرێت‌و پەنا بۆ درۆکردن ببرێت. یەکێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی ژن‌و مێردو پەنابردن بۆ درۆ لەپێناو پاراستنی پەیوەندیی هاوسەرگیریدا. ئەوی دیکەش بوونی کولتووری پیاوسالاری‌و قبوڵ نەکردنی بەرامبەری یەکسان‌و جیاوازو نەبوونی لێبووردەیی‌و ئازادی‌و هۆشمەندیی تاکەکانە.

بۆ بەردەوامبوونی ژیانێکی خێزانی ئارام‌و شێلگیر، ڕاستگۆیی زۆر گرنگ‌و بڕیاردەرەو ناکرێت بە هیچ بەهانەیەك وەلاوەبنرێت، بەتایبەتی ئەگەر دەربارەی مەسەلەیەکی چارەنووسساز بێت بۆ پەیمانی

هاوسەرگیری. پیاو ئەگەر لە کـردارو هەڵوێسـتی خـۆی دڵنیابێت، ئەوا هیچ پێویستی بە درۆکردن نییە، دەبێت بشزانێت کە پەتی درۆ کورتەو ڕۆژێك دێت ڕاسـتییەکان وەك بڵقی سەرئاو دەرکەون.

## مێردەکەم ئامادەی گفتوگۆکردن نییە!

ژیانی هاوسەرگیری، ئەگەرچی زۆرجار ئارامبەخشەو ژینگەیەکی خۆشی جێگیربوونە، بەڵام هەندێ جاریش ئانارامی لەخۆدەگرێتو هاوسەرەکان تووشی بێزاریو ناڕەزایی دەربڕین دەبن. ئەوەیش کاتێك خاڵە جیاوازەکان دەردەکەونو زەقدەکرێنەوەو خاڵە هاوبەشەکان فەرامۆشدەکرێنو کاڵدەکرێنەوە. بۆ پاراستنی ئارامیو خۆشگوزەرانیی هاوسەرگیریی، کە دەشێت ئەنجامی بوونی جیاوازی لاوازبن، گفتوگۆکردنی ڕاشکاوانەو ڕاستگۆیانەی ژنو مێرد ئامرازێکی کاریگەرو پێویستە.

"مێردەکەم ئامادەی گفتوگۆ نییە"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە گلەیی لە مێردەکەی دەکات؛ چونکە

زۆرجار توڕەدەبێت‌و جیاوازییەکان قبوڵ ناکات‌و ئامادەش نییە دەربارەی کێشەو ڕووداوە تایبەتیەکانی ژیانی ڕۆژانە گفتوگۆبکات. سەرەنجام ژنەهاوسەرەکە هەست بە دڵشکاوی‌و نامۆیی دەکات‌و بێزاری‌و دڵەڕاوکێ دەبێتە بەشێك لە ژیانی‌و دواتریش ناکۆکییەکانی نێوان خۆی‌و مێردەکەی تەشەنەدەسێنێت. دەشێت ئامادەنەبوون بۆ گفتوگۆ پەیوەندیی بە سروشتی مێردو هەڵوێستییەوە هەبێت بەرامبەر بە ژن‌و پایەو مافەکانی، بەڵام لەوانەیشە پەیوەندیی بە هەڵنەبژاردنی کات‌و شوێنی گونجاوەوە هەبێت بۆ گفتوگۆکردن، چونکە چارەسەرکردنی هەر کێشەو کەموکورییەك پێویستی بە کەشێکی پڕ ئارامی‌و خۆشەویستیی دوور لە هەڵچوون‌و یەکتر زوویرکردن هەیە، لەبەرئەوەی کەشێکی وەها دەرفەتی چاکتر بۆ گوێگرتن‌و قبولکردنی یەکتر دەڕەخسێنێت. هیچ یەکێك لە ژن‌و مێرد حەقیقەتی ڕەهای لانییەو ناتوانێت بەردەوام لەسەر حەق بێت، هەروەها

هەریەکێك لەوانە خاوەن کەسایەتی‌و تێڕوانین‌و ڕەفتاری جیاوازە کە دەشێت لە ژێر ساباتی هاوسەرگیریدا دەرفەتی بۆ برەخسێت. دواجار دوو ڕێگە لەبەردەم هاوسەرەکاندایە: پێکەوە هەڵکردن‌و قبوڵکردنی جیاوازییەکان‌و پەنابردن بۆ گفتوگۆکردن یان نائاسودەیی خێزانی‌و لێك دابڕان.

## مێردەکەم خیانەتم لێ دەکات!!

خیانەتکردنی ژن و مێرد لە کۆمەڵگەدا بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرچاوو کێشەو گرفتی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوەو تەگەری لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی خێزانیشی هێناوەتەئاراوە.

"مێردەکەم خیانەتم لێ دەکات"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە بەهۆی ڕەفتاری مێردەکەیەوە دڵنیایە لەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان پەیوەندیی سۆزداریی لەگەڵ ژنی دیکە هەیە. ئەوەش دووچاری دڵەڕاوکێ، نائارامی، پشێوی دەروونی کردوەو لەبەر نەدرکاندنی ڕاستیی مەسەلەکەش لەلایەن مێردەکەیەوە هەست بە سەوکایەتیکردن دەکات و وای لێهاتووە جیابوونەوە لە مێردەکەی بە دواچارەسەر بزانێت،

ئەگەرچی بێ لانەیی، بێ پشتیوانی، سۆزی منداڵەکانی، خۆشەویستیی بۆ مێردەکەی، نەبوونی لایەنێکی دارایی سەربەخۆ خەم‌و ئازارێکی ترە، سەرباری بریندار‌بوون‌و ڕووشاندنی هەستوسۆزی.

بێگومان ناپاکی لە ژیانی هاوسەرگیریدا زیاد لە هۆکارێکی هەیەو دەشێت پەیوەندیی بە ژنەکە یان پیاوەکە یاخود هەردووکیانەوە هەبێت، لەوانە: تێرنەبوونی ئارەزوو و حەزە سێکسییەکانی لایەنێکیان، ناتەبایی‌و نەگونجان، بێبڕوایی‌و بێمتمانەیی، نەسازانی دەروونی‌و جەستەیی، هەژاری‌و نەبوونی، پیاوسالاری، نەمانی سۆزو خۆشەویستی...هتد. کاتێک دوو مرۆڤ ئارەزوومەندانە پەیمانی هاوسەرگیری گرێدەدەن، ئیتر پێویستە هەستوسۆزی خۆشەویستی‌و پەیوەندیی جەستە لەنێوان خۆیاندا قەتیسبکەن‌و هەوڵ نەدەن گرفتە سۆزداری‌و سێکسییەکانی خۆیان لە دەرەوەی خێزان چارەسەربکەن. چونکە ئەنجامدانی ئەو کارە لەناوبردنی متمانەو پەیمانە کە گرنگترین کۆڵەکەی ژیانی

هاوسەرگیرین. پێموایە ئەگەر ژن و مێردێک گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی پێکەوە ژیانیان مەحاڵە، ئەوا چاکترە تەڵاق وەک دواچارەسەر هەڵبژێرن نەک بە خیانەتکردن گرفتەکە سڕبکەن.

## مێردەکەم دڵی پیسە!!

دڵپیسی، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی کوشندە، لە هەناوی زۆرێك لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەماندا پەنگی خواردۆتەوەو بەهۆیەوە ژیان بۆتە دۆزەخ، مرۆڤەکان بوونەتە کۆیلەو ژیانی هاوسەرگیری بۆتە مەڵبەندی گیروگرفتی زۆر.

"مێردەکەم دڵی پیسە"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە لە ڕۆژی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرییەوە بەویستو ئارەزووی خۆی نەچۆتە هیچ شوێنێك، سەردانی ماڵە خزمو هاوڕێکانی نەکردووەو بەئاسوودەییو دوور لە چاودێریی مێردەکەی نەجوڵاوەتەوە. کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بەئاگاداریی مێردەکەی نەبێت، نەتوانێت مەرحەبای هیچ پیاوێك

بکات یان قسەی لەگەڵ بکات. تەنانەت زۆرجار بەهۆی لێدانی زەنگ یان نوکەی مۆبایلەوە کێشەی جیاواز لەنێوانیاندا خولقاوەو بێ هیچ بنەمایەك ئاڵۆزیو گرفت کەوتۆتە نێوانیانەوەو گومانی پێ کراوەو چاودێریی هەڵسوکەوتی کراوەو لێپرسینەوەی جۆربەجۆری لەگەڵ کراوە. ئەنجامی ئەوەش ژنەهاوسەرەکە هەست بە نائارامی، دڵەڕاوکێ، ترس، سوکایەتی، دەست بەسەریو کۆیلەبوون دەکات.

بێگومان هۆکارەکانی دڵپیسی زۆرن، لەوانە: پەروەردەو ژینگەی خێزان، متمانە نەبوون بەخودی خۆو کەسی بەرامبەر، جوانیی ڕووخساری ژنەهاوسەر، باسکردنی ژیانو پەیوەندیی ڕابردوو، پێکەوەنانی نادروستی خێزان، ڕازی نەبوون لە ژیانی هاوسەرگیری، ناهۆشمەندیی تاکەکان..هتد. دڵپیسی مەیلی کۆنترۆلکردنی ئەوی دیکەو لەقاڵبدانێتی بەپێی ویستو حەزی کەسێکی دیاریکراوو مۆریانەی ژیانی هاوسەرگیرییەو سەختە دوو کەس لە سێبەری دڵپیسیدا

ژیانێکی هاوسەنگ‌و دروست بەسەربەرن. بۆیە واچاکە خۆیان لەو گرفتە کوشندەیە بپارێزن یان جیابوونەوە هەڵبژێرن لەپێناو پاراستنی مرۆڤبوونی خۆیاندا.

## مێردەکەم لێم دەدات!!

لێدان لە ژیانی هاوسەرگیریدا، ئەگەرچی کەمتر گوزارشتی لێ دەکرێت و لەبەر زۆر هۆکار پەردەپۆشدەکرێت، بەڵام دیاردەیەکی نامرۆڤانەیەو هەتا ئێستا لە ئەقڵییەتی هەندێك پیاودا تاکە چارەسەری گرفتی نێوان ژن و مێردە.

"مێردەکەم لێم دەدات"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە مێردەکەی زۆرجار کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانیان پەنا بۆ لێدان دەبات و بەهۆیەوە تووڕەبوونی خۆی بەتاڵدەکاتەوە، بێ گوێدانە هەستی ژنەهاوسەرەکەی. سەرەنجام ژنەهاوسەرەکە هەست بە سوکایەتی، بێبایەخی، ڕقلێبوونەوەو بێزاری دەکات و تووشی خەمۆکی دەبێت، بەڵام لەبەر قسەوباسی خەڵك،

نەبوونی پشتگیری، بێلایەنی، جێگیرنەبوونی یاسایەکی فریادڕەس‌و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی هاوکار ناچارە قبوڵی بارودۆخەکە بکات‌و لەناو خۆیدا خەفەت بخوات‌و پیش بخواتەوە.

هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە لای پیاوان زۆرن، لەوانە: چەسپاندنی پیاوەتی‌و زاڵکردنی دەسەڵات، ئەقڵییەتی نێرسالاری، بەکاربردنی شەریعەت، گرێی دەروونی، ژینگەی پەروەردە لە منداڵیدا، خۆبەتاڵکردنەوە، گەشەنەکردنی لایەنی سۆزداری‌و مرۆیی، کەسایەتیی سادیانە، ئالودەبوون بە مەی خواردنەوە، شکستخواردن، هاوڕێیەتیی کەسانی خراپ، ئیرەیی‌و متمانەنەکردن بە ژنەهاوسەر، ڕقبوونەوە لە بەرپرسیارێتی هاوسەرگیری‌و میزاجیەت..هتد.

بێگومان هیچ یەکێك لەو هۆکارانە پاساوێن بۆ ئەوەی مێرد مافی ئازاردانی ژنەهاوسەر بەخۆی ببەخشێت‌و وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ نەکات‌و مافەکانی پێشێل بکات. ئەگەر پیاو نەیتوانی خۆی لەو

کارە خراپە بەدووربگرێت‌و کۆنترۆڵی هەستی بێزاری‌و توڕەیی بکات، ئەوا چاکترە پەنابەرێت بۆ کەسانی شارەزا، هەتا یارمەتیی بدەن‌و هاوکاریی بکەن یان بەخۆشی لە ژنەهاوسەر جیابێتەوە، هەتا چیتر نەبێتە مایەی ئازاردانی مرۆڤێکی دیکەو پەروەردەبوونی منداڵەکانیان لە ژینگەیەکی توندوتیژو نائارامدا.

## لە شەوی بوکێنی دەترسم!!

شەوی بوکێنی، ئەگەرچی وەك هەر شەوێکی دیکە سروشتییە، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ساتەوەختێکی گرنگو یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەو کچو کوڕەی ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوەو بازدانێکە بۆ کارپێکردنی پەیوەندیی جەستەی نێوانیان کە پێشتر تەنها باسکردنی حەرامبووە. جا لەبەر ئەوەی ئەو شەوە بە تەلیسمی کۆمەڵایەتی تەنراوەو حیکایەتی زۆر دەربارەی دەگێڕێتەوە، بۆیە شەوێکی ترسناكو دڵەڕاوکێ بەخشە.

"لە شەوی بوکێنی دەترسم!!"، دەربڕینی کچێکە کە لە قۆناغی دەزگیرانیدایەو چاوەڕوانی گراستنەوەیە بۆ ژیانی خێزانی، بەڵام بەهۆی ترسو دڵەراوکێو شەرمەوە حەزدەکات گراستنەوەکە دوابخاتو ڕووبەڕووی

ئەو شەوە نەبێتەوە. ئەوەی بارەکەی ئاڵۆزترو ترسناکتر کردوە، دەستێوەردانی کەسوکارە کە بۆتە مایەی ناارامیو بێتاقەتیو بێزاریی زۆر، چونکە هەمیشە دەستەواژەی جۆربەجۆر دەدەن بەڕوویدا، وەك: "بە ئاسانی خۆت بەدەستەوەمەدە"، "خۆت قورس ڕابگرە" و "کراوە مەبە".

بێگومان ئەو ڕەفتارو سڵکردنەوەیەی کچەکە هۆکاری زۆر لەپشتیەوە هەیە: نەبوونی هۆشیاری سێکسی، دابونەریتی کۆمەڵگە، عەیبەو بقە، ئاشنانەبوون بە یەکتری، ژینگەی کۆمەڵایەتی، دەستێوەردانی دەوروبەر، سستمی پەروەردەو لابردنی پەردەی کچێنی وەك ئامانجی سەرەکی ئەو شەوە. سەرەنجامیش کێشەی خوێنبەربوونو ئازاری زۆرو گرفتی دەروونیو جەستەیی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە گرنگە لە کۆمەڵگەدا کوڕو کچ لەبارەی سێکسو پەیوەندیی جەستەوە هوشیاربکرێنەوەو کاتی پێکهێنانی خێزانیش لەلایەن کەسانی شارەزاوە ڕێنمایی بکرێنو

لەو ترس و دڵەڕوکێیە ڕزگاربکرێن و لەوە دڵنیابکرێن کە ئەو شەوە ساتەوەختی ناوێتەبوونی ڕۆحی و جەستەیی دوو کەسە بەناڕاستەی بەدەستهێنانی بەختەوەری، نەك گۆڕەپانی شەڕی مانگای ئیسپانی کە توندوتیژی و خوێنی لێ دەتکێت!

## مێردەکەم پێم دەڵێت دایکی کچان!!

هەتاکو ئێستاش زۆرێک لە پیاوان، کاتی سکپڕبوونی ژنەهاوسەرەکەیان، زۆر بەپەرۆشن بۆ ئەوەی بزانن ڕەگەزی منداڵەکەیان چییە، تەنانەت لە کاتی لەدایکبوویشیدا نیشانەی ترس، شڵەژانو دڵەڕاوکێ بە ڕووخساریانەوە دیاردەبێت، بەو پێیەی کوڕ خەونو مایەی شانازییەو کچیش دێزمەو مایەی شەرمکردنە.

"مێردەکەم پێم دەڵێت دایکی کچان"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە خاوەنی چوار کچەو کوڕی نەبووە، مێردەکەی هەمیشە شەڕی پێ دەفرۆشێتو سوکایەتی پێدەکات، چونکە کوڕی نابێت. تەنانەت زۆرجار هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات، ئەگەر جاری داهاتوو کوڕی نەبێت ژنی بەسەر دەهێنێتو دەستبەرداری ئەمیش نابێت. وەك ئەوەی ژنەهاوسەر تاوانێکی

کردبێت‌و دیاریبوونی ڕەگەزی منداڵ بەدەست ئەو بێت.
سەرەنجام فشاری دەروونی بۆ ژنە هاوسەرو کچەکان خولقاوەو ژینگەیەکی نائارام و ناجێگیر لەخێزانەکەدا دروستبووە. حەزکردن بە لەدایکبوونی کوڕ زیاتر لە کچ هۆکاری زۆرە، لەوانە: ئەقڵیەتی پیاوسالاری کە پێیوایە کوڕ ناوی باوك‌و بەردەوامیی ڕەچەڵەك دەپارێزێت، کولتورو دابونەریتی کۆمەڵگە، پەروەردەی ناو خێزان، قسەوباسی خەڵك، دانانی کوڕ وەك سەرچاوەی هێزو داهات، کچیش وەك سەرچاوەی ترس، عەیبە و نابڕووچوون .

بوونی هەریەك لەو هۆکارانە پاساونییە بۆ ئەوەی پیاو لەسەر ڕەگەزی منداڵ کێشە بخاتەوە، چونکە ژنەهاوسەر بەرپرس نییە بەرامبەر بە ڕەگەزی منداڵ‌و کۆمەڵێك هۆکاری فەسلەجی، دەروونناسی، ژینگەیی‌و شێوازی ژیان ڕۆڵی تێدا دەبینن. خۆ ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە تێیبڕوانین، ئەوەی لە ڕووی کرۆمۆسۆماتەوە دیاریی ڕەگەزی منداڵ دەکات مێردە نەك ژنەهاوسەر.

کەواتە بۆ دەبێت ژن سزای شتێك بدات کە دەستی تیایدا نییە.

## مێردەکەم سڵم لێ دەکاتەوە!!

زۆرێـــک لـــە پیـــاوان نـــەرمونیانی، مێینـــەبوون‌و ڕووخســـاری جـوانی ژن دەکەنـە پێـوەری سـەرەکی بـۆ پێکهێنـــانی ژیـانی هاوســەرگیری، بـێ گرنگیـدان بـە هۆشمەندی‌و ئاستی ڕۆشنبیریی ژنەکە. ئەو ئیشـکالیەتە هۆکارێکە بـۆ دوورکەوتنـەوەی ئـەو پیاوانـە لـە ژنـی هوشیارو خاوەن تێڕوانین، ئەمەش نەک لە هاوڕێیەتیـدا، بـەڵکو لـەکاتی هاوسەرگیریشـدا، چـونکە پێیانوایـە پێکهێنـــانی خێـزان لەگـەڵ ژنـی ڕۆشـنبیردا سـەختەو بەردەوامبوونی مەحاڵە.

"مێردەکـەم سـڵم لێ دەکاتـــەوە"، دەربڕینـــی ژنەهاوسەرێکی ڕۆشنبیرە بەرامبەر بـە مێردەکـەی کـە لەبەر هوشیاربوون، پشت بەخۆبەستن‌و بوونی کەسایەتی سـەربەخۆو بڕیـاردەر، مێردەکـەی ژیـانی لێ کردۆتـە

دۆزەخ و هەمیشە بەبیانووی جۆربەجۆر ڕەخنەی بێ بنەمای لێ دەگرێت و هەستی خۆ بەکەم و سووك زانینی تێدا دەچێنێت. دەرەنجام ژیانی بەردەوام لەژێر نیشانەی پرسیارو وەڵامدانەوەی زۆرو فشاری ڕوونکردنەوەی جۆربەجۆردایە. بەوەش ناڕامی و ناجێگیری بۆتە بەشێك لە ژیانی و کاریگەریی زۆریشی خستۆتە سەر لایەنی دەروونیی منداڵەکانیان و بۆتە سەرچاوەی خولقاندنی کێشەی جۆربەجۆری ئاڵۆز. هۆکارەکانی ئەو تێڕوانینەی پیاو زۆرە، لەوانە: بۆماوەیی، کەڵەکەبوونی مێژوویی، ئەقڵییەتی پیاوسالاری، ترسی لەدەستدانی دەسەڵات، سلکردنەوە لە زاڵبوونی ژن، هەڵنەکردن لەگەڵ هوشیاری و ئاستی ڕۆشنبیریی کەسی بەرامبەرو قبوڵ نەکردنی یەکتر.

هۆشمەندی و ڕۆشنبیری دوو ئامرازی گرنگن بۆ لەخۆو ئەوی دیکەو دنیا تێگەیشتن و یاریدەدەرن بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕماناو بەختەوەر، نەك چەکی یەکتر ڕووشاندن و هەڕەشەکردن و مەترسی دروستکردن.

بۆیە چاك نییە مرۆڤ هەڵوێستی خراپ بەرامبەریان وەربگرێت‌و بیانکاتە سەرچاوەی کێشەو کوێرەوەری. ئەگەر پیاو ناتوانێت لەگەڵ ژنی هوشیارو ڕۆشنبیردا هەڵبکات، چاکترە لە سەرەتاوە ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ پێك نەهێنێت، نەك دواتر سەنگەری لێ بگرێت‌و ژیانتاڵی‌و کاولکاری بەدوادا بهێنێت.

## چێژ لە پەیوەندیی سێکسی وەرناگرم

پەیوەندیی سێکسی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی بەردەوامبوونو پتەوبوونی ژیانی هاوسەرگیری، ئەگەر دەرەنجامی ئاوێتەبوونی ڕۆحو جەستە بێت، ئارامبەخشو چێژبەخش بێت بۆ ژنو مێرد، بەڵام زۆرجار بەهۆی خەتەنەکردنی ژنەوە لە سەردەمی منداڵیدا، ئەو پەیوەندییە لاوازدەبێتو دەبێتە مایەی ئاڵۆزیو گرفتی زۆر بۆ ژیانی خێزانی.

"چێژ لە پەیوەندیی سێکسی وەرناگرم"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە بەهۆی خەتەنەکردنیەوە چێژ لە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا وەرناگرێتو لایەنێکی پاسیڤی ژیانی هاوسەرگیرییە. ئەنجامی ئەوەیش مێردەکەی کەوتۆتە گومانەوە بەرامبەریو دڵی لێی پیسکردوەو بەردەوام پێی دەڵێت بۆچی ساردە

لەگەڵیداو مەیلی سێکسی نییە. هەروەها پەیوەندیی خێزانیو خۆشەویستی نێوان ئەوو مێردەکەی لاوازبووە، کێشەی خێزانی سەریهەڵداوە، باری دەروونیی تێکچووەو لەوە تۆقیوە ببرێتە بەردەمی پزیشکو برینی جەستەییو ڕۆحیی بکولێتەوە.

خەتەنەکردنی کچان هۆکاری زۆرە، لەوانە: مسۆگەرکردنی پاکیزەییو ڕەوشتباشی، خەفەکردنی سێکسیو ڕێگرتن لە بەلادارۆیشتن، داخستنی دەرگای شەهوەتو حەرام، شەرەفپارێزی، پاراستنی بەها ئایینیەکانو تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو بێ گوێدانە مەیلی ژن.

بێگومان هیچ کام لەو هۆکارانە پاساوێن بۆ لێکردنەوەی بەشێکی گرنگی جەستەی ژن کە کاریگەریی زۆری لەسەر هاوسەنگیی ژیانی ژنو لایەنی دەروونیو ڕۆحیو تەندروستیی هەیە. بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان بەجیدی کار بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان بکەنو سزای ئەوانە بدەن

کە لەم سەردەمەدا ئەنجامیدەدەن، چونکە ئەوە تاوانێکە دەرهەق بە مافی مرۆڤ و دەستدرێژیکردنە بۆ سەر سەروەریی و شکۆمەندیی جەستەی ژن و هەرگیز نابێت قبوڵبکرێت.

## مێردەکەم هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات!!

ئەگەرچی ژیانی هاوسەگیری بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشی ژن‌و مێردە، کەچی زۆر جار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کارو ئەرکەکان پێشوەخت‌و بێ ئیرادەی مرۆڤەکان دیاریکراون‌و خەسڵەتی ڕەگەزییان پێ بەخشراوە، ئەوەش لە سەردەمی ئیمڕۆدا بۆتە مایەی خولقاندنی کێشەی هەمەجۆر لە نێوان هاوسەرەکاندا.

"مێردەکەم هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات!"، دەبڕینی ژنەهاوسەرێکە، چونکە مێردەکەی هیچ بەرپرسیارێتیەکی کاری نێومال‌و ژیانی خێزانی لەئەستۆناگرێت‌و ژنەهاوسەرەکەش، وێڕای ئیشکردن لە دەرەوە، گشت کارەکانی نێومالّ بەڕێوەدەبات، هەر لە کڕینی کەلوپەلی نێومالّ، خواردن‌و میوانداریيەوە بیگرە تا دەگاتە دابینکردنی پێداویستیی منداڵەکان‌و

پەروەردەکردنیان کە بارگرانیو ماندووبوونی زۆری بۆ خولقاندووە. ئەمە سەرەڕای داواکاریی سێکسیی شەوانەی مێردەکەی، لەکاتێکدا کە ئەو بێهێزەو نارەزووی پەیوەندیی جەستەی نییە. سەرئەنجام هەستکردن بە نابەرابەری، بێدادی، ماندوبوونو بێزاریی لای ژنەهاوسەر خولقاوەو کێشەو مشتومڕی خێزانیی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

هەست نەکردنی پیاوان بەو بەرپرسیارێتیە هۆکاری زۆرە، لەوانە: کولتوورو دابونەریتی کۆمەڵگە، ژینگەی پەروەردەکردن، ئەقڵیەتی پیاوسالاری، قسەوباسی خەڵكو دانانی کاری نێوماڵ تەنها بەئەرکی ژن. بێگومان هیچ یەکێك لەو هۆکارانە پاساونین بۆ خۆقوتارکردن لە بەرپرسیارێتی هاوبەش، چونکە هەروەك چۆن لە خێزاندا گرنگە مافی یەکسانی ژنو مێرد پارێزراوبێت، ئاوەهاش پێویستە یەکسانی لە ئەرکدا هەبێت. ئەگەرنا ئەوا، ژیانی هاوسەرگیری لەبری ئەوەی پێکەوە لەئەستۆگرتنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان

بێت‌و هۆکـاری بەختـەوەری بێـت، دەبێتـە سەرچـاوەی بارگرانیی زیاتر بۆ ژنان‌و ژینگەیەك بـۆ بەرهـەمهێنانی چەوساندنەوەی بەردەوام.

## هەست بەئازار دەکەم!!

پەیوەنـدیی سێکسـی لـە قۆنـاغی سـکپڕیدا، ئەگەرچـی لـە ڕووی زانسـتییەوە مەترسـیدارنییەو ڕێگەپێـدراوە، ئەگـەر سـکپریی ژنەهاوسـەر سروشـتی بێتو هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبێت، بەڵام زۆرجار مەیلی مێرد بۆ پەیوەندیی سێکسی، بـێ ڕەچاوکردنی باری تەندروستی ژنەکەی، مشـتومڕو گـرفتی خێزانیـی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە.

"هەسـت بـە ئـازار دەکـەم!!"، دەربـڕینی ژنەهاوسەرێکە کـە لـە دوامـانگی سـکپڕیدایەو بـاری تەندروستیی خراپەو ئەزموونی دوو لەبارچوونی منداڵی هەیـە، کەچـی مێردەکـەی بـەردەوام داوای پەیوەنـدیی سێکسی لـێ دەکـات. سـەرئەنجام هەمیشـە بەدەسـت ئازار، ئاناراميی دەروونیو بێزارییەوە دەناڵێنێتو پێـی

ناخۆشە کە حساب بۆ هەستو سۆزو باری تەندروستیی ناکرێت.

بە گشتی کەم مەیلیی ژنەهاوسەر بۆ سێکس لە دوامانگی سکپڕیدا بەرهەمی گۆڕانی فەسلەجی، جەستەیی و دەروونییەو حاڵەتێکی سروشتی ئەو قۆناغەیەو هۆکاری زۆری هەیە، لەوانە: مەترسیی ئەوەی میکرۆب بچێتە ناو لەشەوەو زیان بە کۆرپەلەکە بگەیەنێت، بوونی ئازار لە کاتی پەیوەندیکردندا، ترسی تەقینی پێشوەختی ئەو کیسی شلەمەنییەی کۆرپەلەکەی لەخۆگرتووە.

لەبەرچاوگرتنی گشت ئەو هۆکارانە لەو قۆناغەدا لەلایەن مێردەوە گرنگیی خۆی هەیەو نابێت ئارەزووی سێکسی زاڵبێت بەسەریداو ژنەهاوسەرەکەی بکاتە قوربانیی هەوەسێکی کاتی، ئەوەش لەپێناو تەندروستیی ژنەهاوسەرو منداڵەکەیدا. چونکە ئەگەر مێرد وریانەبێتو خەمساردبێتو گوێ نەدات بە دۆخی ژنەکەی، ئەوا دەبێت تەحەمولی دەرئەنجامەکانی

هەڵوێستەکەی بکات، جا ئەوە لەناوچوون یان ئازارپێگەیشتنی کۆرپەلەکە یاخود تێکچوونی باری تەندروستیی هاوسەرەکەی بێت.

## هەست بە بێزاری دەکەم !!

ئەگەرچی پرۆسەی یەکترناسین پێش ژیانی هاوسەرگیری گرنگیی خۆی هەیە بۆ ئاشنابوونی مرۆڤەکان بەیەکترو شارەزابوونی زیاتر لە بیرکردنەوەو تێڕوانینو بۆچوونەکانی یەکتر، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرجار ڕواڵەتکارانەیەو وەك چاولێکەری تەماشادەکرێت، بۆیە دواتر نائومێدیو ڕەشبینی بۆ کچان دەخوڵقێنێت.

"هەست بەبێزاری دەکەم!!"، دەربڕینی کچێکە لە دواقۆناغی خوێندنی زانکۆدا سەبارەت بە خۆشەویستەکەی، چونکە هەمیشە لە کاتی یەکتربینیندا داوای ماچو پەیوەندیی سێکسی لێ دەکاتو ئەگەر قایل نەبێت ئەوا تاوانباری دەکات

بەوەی خۆشـی ناوێـتەو جیابونـەوە بەچـاکتر دەزانێـت. ئەمە لەکاتێکدایە کە کچەکە بارودۆخ‌و تێروانینی خۆی لـەو بارەیـەوە خسـتۆتەڕوو و ئاشـکرایکردوە کـە سێکسکردن قۆناغی خۆی هەیەو لە خۆشەویستی ئەوی کەمنەکردۆتەوە. سەرئەنجام کچەکە هەمیشە لە سـاتی یەکتربینین سڵدەکاتەوەو هەست بە بێـزاری، نائـارامی، دڵەڕاوکێ دەکات.

بێگومان هۆکارەکانی ئەو ئارەزوکردنە لای کـوڕان زۆرە، لەوانـە: کورتکردنـەوەی مێینـە لـە جەسـتەدا، چێژوەرگرتن‌و تێربوونی سێکسی، ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی کەسی بەرامبەر، باوەڕنەبوون بـە بیروبـاوەڕی جیـاوازو چەپاندنی سێکسی. بوونی هـیچ کـام لـەو هۆکارانـەش پاساونییە بۆ کوڕان تا بیکەنە بەهانـە بـۆ فشارخسـتنە سەر کچان‌و ملکەچکردنیان بۆ شتێك بەدەر لە ویسـتی خۆیـان‌و تـەنیا بـۆ سـەلماندنی خۆشەویسـتی بـۆ بەرامبەرەکەی. چونکە ئەگەر لە دونیای پێشـکەوتوودا پەیوەندیی ڕۆحی‌و جەستەیی نێوان نێـرو مـێ کـارێکی

سروشتی بێت، ئـەوا لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، بـەهۆی کولتوورو ئەقڵیەتی پیاوسالارییەوە، سەرچاوەی کێشـەی هەمەجۆرە لە پێش‌و پاش ژیـانی هاوسـەرگیری‌و تـەنیا کچ تیایدا زیانبەخش دەبێت.

## هەست بە پیواری هاوڕێکەم دەکەم!!

هاوڕێیەتی ڕاستەقینەو گەرموگوڕ بە گەلێك قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێتو گۆڕانی بەسەردا دێت:، لەوانە: دوای پێکهێنانی خێزان، لەدایکبوونی منداڵ، گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون، فشاری کارکردن، نائارامیی دەروونیی‌و باری تەندروستی. بێگومان تێپەڕاندنی هەریەك لەو قۆناغانە بەردەنگاربونەوەو تێگەیشتنی دوولایەنەی دەوێت، لەپێناو پاراستنی هاوڕێیەتیەکەدا، چونکە زۆرجار فەرامۆشکردنی گۆڕانکارییەکانو بەپیرەوەنەچوونی پێداویستیەکانی هەر قۆناغێك دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکەو لێکدابڕان.

"هەست بە پیواری (غیاب) هاوڕێکەم دەکەم !!"، دەربڕینی ژنێکە بەهۆی سەرقاڵبونی هاوڕێکەیەوە بە

قۆنـــاغێکی نـــوێی ژیـــانو دەســـتپێکردنی ژیـــانی هاوســـەرگیرییەوەو هەســـتکردنی بـــەوەی هاوڕێکـــەی کەمتەرخەمـــە بەرامبـــەریو خەمـــاردە بەرامبـــەر بـــە هاوڕێیەتیەکـــەیانو وەك جـــاران بایـــەخ بـــە خۆشـــیو ناخۆشییەکانی نادات‌و قسەی لەگەڵ ناکات‌و سەردانی ناکات. سەرەنجام چاوەڕوانیو دڵـەڕاوکێ بەرامبـەر بـە چارەنووسی هاوڕێیەتیەکە بێتاقەتیو بێزاریو ترسی بـۆ دروستکردوە. بێگومان ئەو بارە نوێیـە هۆکـاری زۆرە، وەك: سروشتی قۆناغەکە، گۆڕانکاری لە ژیانی لایەکدا، کاریگـەریی هاتنـەنارای کەسـێکی نـوێ بـۆ نـاو پەیوەندییەکـە، سـەرهەڵدانی چوارچێوەیەکی جیـاواز، گۆڕان لە سروشت و بیروڕای مرۆڤدا ...هتد.

ڕاستە بـوونی هەریـەك لـەو هۆکارانـە وادەکـات کاریگـەریی ڕواڵەتکارانـەو کاتیـان هـەبێت، بـەڵام دیالۆگی ڕاستەوخۆو تێگەیشتن‌و دەرککردنی هـەردوولا بەچـۆنێتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ ململانێکـانی هـەر قۆناغێکدا گرنگە، چونکە بـەدەر لـەوەی هاوڕێیـەتی

گرێدراوی کات و شوێن و ڕەگەز نییە، بەپێی قۆناغەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ و بەردەوام دەگێڕێت لە جێگیربوونی لایەنی سۆزداریی مرۆڤداو بەیەکێك لە بەهاترین و گرنگترین پێداویستیی پەیوەندییە مرۆییەکان دادەنرێت کە ناکرێت لە ژیاندا چاوپۆشی لێ بکرێت یان فەرامۆشبکرێت.

## مێردەکەم لە هاوڕێیەتیم تێناگات!!

چەمکی هاوڕێیەتیی نێوان کچ‌و کوڕ مانا و بنەمای جیاواز لەخۆدەگرێ‌و ئەگەرچی یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانی ژیان کە بەپێی قۆناغەکانەکان دەربڕین‌و شێوازی جیا بەخۆوە دەبینێ، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تێگەیشتن لەو پەیوەندییە سەختەو کارپێکردنی زۆر دەگمەن یان ڕێگەپێنەدراوەو دەکەوێتە ژێر گومانپێکردنی زۆرەوە.

"مێردەکەم لە هاوڕێیەتیم تێناگات!!" دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە کە لەبەر هاوڕێیەتیی ڕاستەقینەو گەرموگوڕی لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکەدا، هەمیشە مێردەکەی دەیخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوەو بەگومانەوە دەڕوانێتە هەڵسوکەوت‌و مامەڵەکردن‌و خۆشەویستیی

بۆ هاوڕێکەی و بەردەوام بەوە تاوانباریدەکات کە بایەخی ئەو بۆ هاوڕێکەی بۆتە یەکەمین ئەولەویەتی پەیوەندییەکانی ژیانی. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ، نائارامی، نائومێدی و فشاری ڕۆژانەی بەردەوام.

بێگومان هۆکارەکانی ڕێگرتن لە هاوڕێیەتی کچ و کوڕ گرێدراوی ژینگەی پەروەردەکردن، کولتوورو دابونەریتی کۆمەڵگە، ئەقڵیەتی پیاوسالاری، ئایین، پێکهاتەی کۆمەلایەتی و بێ متمانەییە.

هاوڕێیەتی لەسەر بنەمای هەست و تێڕوانینی هاوبەشی دوولایەنە و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون دروستدەبێت و جیاوازە لەگەڵ هاوسەرگیریدا کە گرێدراوی هەست و پەیمانی یاسایی و ئابوری و کۆمەلایەتیە و پەیوەندییەکە سنووری هەستوسۆز دەبڕێت و ناوێتەی جەستەش دەبێت. هاوڕێیەتی دوو ڕەگەزی جیاواز پێداویستیەکی ژیانە و یارمەتیدەرە بۆ زیندوڕاگرتن و نوێکردنەوەی ژیان بەگشتی و ژیانی

هاوسەرگیری بەتایبەتی‌و ئاشنابوونی بە دنیای ڕەگەزی بەرامبەر. بێگومان خۆشەویستیی هاوڕێیەتی هەرگیز جێ بە خۆشەویستیی ژن‌و مێرد لەق ناکات، بەوپێیەی لە دوو سەرچاوەی جیاواز ئاودەخۆنەوە. بۆیە ئاشنابوونی مرۆڤەکان بە خەسڵەت‌و بنەما ڕاستەقینەکانی هاوڕێیەتی نێرومێ گرنگیی خۆی هەیەو ڕێزلێگرتنی نیشانەی قبولکردنی جیاوازیی کایەکان‌و مافە بنەڕەتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

## دەزگیرانەکەم بایەخم پێنادات!!

قۆناغی دەزگیرانی یەکێکە لە قۆناغە گرنگو هەستیارەکانی پێش گواستنەوە بۆ ژیانی هاوسەرگیریو ژنو پیاو دەتوانن سوودی زۆری لێ وەربگرن بۆ یەکترناسینو ئاشنابوونی زیاتر بە تێڕوانین، خەونەکانو لایەنی دەروونیو کۆمەڵایەتیی یەکتر کە یاریدەدەرە بۆ هێنانەدیی ژیانێکی ئارامو سەرکەوتوو، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو قۆناغە ئەنجامی هەڵەکردنو ئەگونجان دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی گرفتەکانی ناو خێزان کە دواتر قوڵدەبنەوە.

"دەزگیرانەکەم بایەخم پێنادات!!"، دەربڕینی کچێکی دەزگیراندارە کە هەستدەکات دەزگیرانەکەی بایەخی پێ نادات، وەك پێویست لێی ناپرسێتەوەو بەپیر

حەزو ئارەزوو و داواکارییە سەرەتاییەکانیەوە ناچێت، گفتوگۆی لەگەڵ ناکات، لەسەر وردەکاریو تایبەتمەندییەکانی قۆناغی ئێستاو داهاتوویان ئاخاوتنی لەگەڵ ناکاتو ئەگەرچی دەڵێت خۆشیدەوێ، کەچی بە گفتارو ڕەفتار خۆشەویستییەکەی دەرنابڕێت. ئەنجامی ئەوەش بێزاری، دڵەڕاوکێ، بێتاقەتیو نائارامیی زۆر بۆ کچەکە خولقاوەو بەترسو گومانەوە دەڕوانێتە داهاتووی هاوسەرگیرییەکە.

هۆکاری ئەو گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی یەکترناسین، سروشتی مرۆڤەکان، تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە خۆشەویستیو دەربڕینیو هۆشمەندیی تاکەکان، بەڵام بێگومان بوونی هەریەك لەو هۆکارانە بەهانە نین بۆ کەمتەرخەمبوونو بایەخ نەدانی لایەنێکی هاوسەرگیری بە لایەنەکەی دیکە، چونکە ئەگەرچی ماوەی دەزگیرانبوون دەرفەتێکی چاکە بۆ لێك تێگەیشتنی دوو هاوسەرەکە، قۆناغێکی گرنگیشە بۆ بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیانو تێگەیشتنو

هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییەکانی یەکتریدا. جا ئەگەر پیاو لەم سەردەمەدا، کە پڕە لە گەرموگوڕیی سەرەتای پەیوەندیو بەدوورە لە گرفتەکانی ڕۆژگار بەو جۆرە ڕەفتاربکات، داخۆ ژیانی خێزانی چۆن بێتو چاوەڕوانی چیی لێ دەکرێت لە ژیانی هاوسەرگیریدا!!؟.

## خەسووم بۆتە کێشەی نێوا نمان!!

ڕێـــك نەكــەوتنی بـووك‌و خەســو لــە ژیـانی هاوسەرگیریدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیـەو مێژوویـەکی درێــژ و ڕەگ‌و ڕیشــەی قــوڵی هەیــە لــە زۆربــەی کۆمەڵگەکاندا بە کوردستانیشەوە. ئەگەرچـی هەنـدێك جــار خێــزان لەســەر بنــەمای خۆشەویســتی‌و یــەکتر هەڵبژاردنیش بنیاتدەنرێت، کەچی گرفتی نێوان بـووك‌و خەسو کێشەو ئاڵۆزی لــێ دەکەوێتــەوەو گــەلێك جـار دەرئەنجامەکەی تەلاق، جیابونەوە، دڵڕەنجاندنی خەسو، ماڵ جیاکردنەوەی دووهاوسەرەکەی لێ دەکەوێتەوە.

"خەســووم بۆتــە کێشــەی نێوانمــان!!"، دەربڕینــی ژنەهاوســەرێکە کــە هەمیشــە بــەهۆی دەســتێوەردان‌و مشتومڕو دەمەبۆڵەی نێوان خۆی‌و خەسویەوە، کێشــەی

زۆر دەکەوێتە نێوان خۆیو مێردەکەیەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرفتەکانیان ڕوو لە ئالۆزییە. بەوەش ژینگەیەکی نائارامو ناجێگیر لە خێزانەکەدا خولقاوەو ژنەهاوسەرەکە هەستدەکات خۆشەویستی مێردەکەی وەك جاران نەماوەو نیگەرانە بەرامبەر بەوەی کە هاوسەرەکەی ناتوانێت هاوسەنگی نێوان ئەوو دایکی ڕابگرێت .

بێگومان نەگونجانی بووكو خەسوو هۆکاری زۆرە لەوانە: جیاوازیی تێڕوانین، ناهۆشەندیی تاکەکان، ئیرەیی، تێڕوانینی باو و تەقلیدی بەرامبەر بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان بووكو خەسوو، هەستکردن بە دابەشبوونی خۆشەویستی، ترس لە دابڕان، قبوڵنەکردن یان هەڵنەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانی یەکتریدا.

ئەو ئالۆزی پەیوەندییەی نێوان بووكو خەسوو، ئەگەرچی لە کۆنەوە هەیەو ئێستا ڕوو لە کەمبوونە، بەلام جیاوازیی هەیە لە مرۆڤو خێزانێکەوە بۆ یەکێکی

دیکـە. لێرەشـدا هۆشمەنـدیی تاکـەکان وادەکـات کـە هەردوولا وەك دایكو کچ مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکـەنو جیاوازییەکانی یەکدی قبوڵ بکەن. چونکە دەزانن ئەگەر وانەکـەن گرفـتو نـەگونجان دەبێتـە هـۆی نائومێـدیو لێکترازانی پەیوەندییەکانو هەڵوەشاندنەوەی خێزان کـە قازانجی نە بۆ بووك هەیە نە بۆ خەسوو.

## تەڵاق بۆتە چەکی فشار لەلای مێردەکەم!!

ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەڵاق لایەنی خراپی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام زۆرجار بەهۆی نەگونجانو یەکتری قبوڵ نەکردنەوە، بە دواچارەسەر دابنرێ بۆ یەکلاییکردنەوەی ئاڵۆزیو کێشەکانی نێوان هاوسەرەکان، هەندێك جاریش بڕیاردانی تاکلایەنەو بێ لێکدانەوەی دەرئەنجامەکان دەبێتە مایەی پێشێلکردنی مافی ئەویدیو ئاڵۆزتربوونی گرفتەکان.

"تەڵاق بۆتە چەکی فشار لە لای مێردەکەم!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە، کە پاش تەمەنێکی زۆری پێکەوە ژیان لەگەڵ مێردەکەیدا، بە دەست میزاجیەتو شەڕپێفرۆشتنی بەردەوامی ئەودوە دەناڵێنێ، جگە لە بەکارهێنانی هەمیشەیی ئەو وشەیەو بێ هیچ

حسابکردنێك بۆ هەستو تێڕوانینی بەرامبەر. سەرئەنجام هەستی سوکایەتی، بێزاریی‌و نیگەرانی زۆری بۆ ژنەهاوسەر دروستکردووە .

بەکارهێنانی وشەی تەڵاق بەشێوەیەکی تاکلایەنانە، وەك خویەکی هەمیشەیی، دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی زۆرە، لەوانە: ئەقڵیەتی پیاوسالاریی، ژینگەی پەروەردەی خێزانی، تێنەگەیشتن لە پەیوەندییە مرۆییەکان، نزمی ئاستی هۆشمەندی، ڕەوایەتیدان بەخۆ، بەکارهێنانی ئاینو لێنەپێچینەوەی یاسایی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، تەڵاق هەمیشە ڕەتناکرێتەوە، چونکە هەروەك چۆن پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بەری بڕیاری ئازادانەی دوو مرۆڤە، ئەوەهاش کاتی لەدەستدانی مەرجەکانی پێکەوە ژیانی شیاوو دروست، دەکرێت بۆ کۆتاییهێنان بە ڕقو ئازارەکانو خۆدورخستنەوە لە ژینگەیەکی نائارامو پەروەردەکردنی دروستی منداڵ، پەنا بۆ تەڵاق ببرێت، بەمەرجێك ڕەزامەندیی هەردوولای لەسەربێت، نەك خواستی لایەك

بێت کە هەرکات ویستی وەك چەکێکی بەردەوام هەڕەشەی کەسی بەرامبەری پێ بکات.

## پیاو سەرچاوەی چەوساندنەوەمە!!

مشتومڕ سەبارەت بە سەرچاوەی چەوساندنەوەی ژنان تێڕوانینو ڕەهەندی جۆربەجۆری لەخۆگرتووە. زۆرێك پێیانوایە پیاوان سەرچاوەی نەهامەتیو جیاوازی خستنەوەکانن . ئەمەش وای لە ژنان کردووە هەمیشە لە سەنگەری تۆڵەسەندنەوەدا بن لە ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش کێشەکان ئاڵۆزتردەکات.

"پیاو سەرچاوەی چەوساندنەوەمە !!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر مێردەکەی، چونکە ڕێگەی لێ دەگرێت بڕیار لەسەر شتە چارەنوسسازەکانی نێوان خۆیانو منداڵەکانیان بداتو بەبێ حسابکردن بۆ هەستو مرۆڤبوونی ئەو، بیروڕاو هەڵوێستەکانی ئاکلایەنانە دەسەپێنێ. سەرئەنجام ژنەهاوسەر هەست بە پەراوێزکردن، فەرامۆشکردن، بێنیرادەیی، پلە دوویی،

نـــامرۆڤبوونی خـــۆیو نائامـــادەبوونی خـــۆی دەکـــات. بێگومان هۆکاری چەوساندنەوەی ژن لەلایـەن پیـاوەوە ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە خودی کولتوور، دابونـەریت، ژینگـــەی پـــەروەردەکردن، ئەقڵیـــەتی پیاوســـالاریو نێرسالاریو ئایینیو خێڵەکییـەوە، ئەوەنـدە پەیوەسـت نییە بە خودی پیـاوەوە وەك ڕەگـەز، کـە هەنـدێ جـار خۆیشی هەست بەچەوساندنەوەو زوڵم لێکردن دەکات.

لەناو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانەدا هیچ کام لـەو هۆکارانە نابنە پاساو بۆ مامەڵەکردنی نامرۆڤانە لەگەڵ کەسێکی دیکە. بۆیە بۆ چارەسەرکردنێکی واقعبینانەو ڕیشەیی ئەو گرفتە، گرنگە جیاوازیی لەنێوان چـەمکی پیاوســـالاریو چـەمکی پیـاودا (وەك مـرۆڤ) بکـەین، چونکە ئەوەی یەکەم ڕەگوڕیشەی لە ئەقڵیەتی تاکەکاندا چـاندووەو دەربـازبوون لێـی پرۆسـەیەکی گشـتگیرو هەمەلایەنی پێویستە، کارکردن بۆچەسپاندنی چـەمکی مرۆڤسالاری گەرەکە، چـونکە ئـەوە تاکـە چارەسـەری کردنەوەی گرێکانە لای هەردوو ڕەگەزەکە.

## بریار لە چارەنووسم دەدەن!!

بڕیاردان لە چارەنووسی مێینەی ناو خێزانەکان لەلایەن نێرینەکانەوەو زەوتکردنی ئیرادەیان بۆتە سیمای زۆربەی خێزانەکان، ئەمەش پەیوەندییەکانی ئاڵۆزترو گرفتەکان قوڵتر کردۆتەوەو بۆتە هۆی ئەوەی مێینەکان هەمیشە ببنە قوربانیو چارەنووسێکی نادیارو خراپ چاوەڕوانیان بکاتو دواجار توندوتیژیی خێزان بکەوێتەوە.

"بریار لە چارەنووسم دەدەن!!"، کێشەی کچێکی لاوە کە هەمیشە بەهۆی دەستێوەردانی باوکو براکەیەوە ژیانی لێ تاڵبووە، چونکە ئەوان بەزۆرەملی بڕیارێکی پێ دەدەن کە دوورە لە خواستی خۆیەوە، ڕێی لێ دەگرن سەردانی هاوڕێکانو خزموکەسوکاری بکاتو

بجێتە بازاڕ یان سەیرانگە. تەنانەت ئەو لە پۆشینی جلوبەرگیشدا ئازادنییە. کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی دەیانەوێ بێ ڕەزامەندیو خواستی خۆی بە شووی بدەن. لە ئەنجامدا، کچەکە تووشی بێئومێدیو ڕەشبینی بووە، بەدەست خەمۆکییەوە دەناڵێنێو گەلێك جار بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئابڕوچوون جێبەجێی نەکردوە.

هۆکارەکانی زەوتکردنی ئیرادەی مێینەو بڕیاردان لە چارەنووسی زۆرن، وەك: تەقلیدیبوونی کەسوکارو دانانی مێینە بە مرۆڤی پلە دووی کاڵفام، سەلماندنی بوونو دەسەڵاتی بەخێوکەر، لاوازیی ئابووریی مێینە لە خێزاندا، ژینگەی کۆمەلایەتی دواکەوتوو، نزمیی ئاستی هۆشمەندیی تاکەکانی خێزان، کاریگەریی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان لەسەر تاكو ئەقلیەتی پیاوسالاری.

بێگومان هیچ یەکێك لەو هۆکارانە پاساونییە بۆ زەوتکردنی ئازادیی هیچ تاکێكو زەوتکردنی ئیرادەی،

چونکە هەر مرۆڤێك ئازادە لە بیروبۆچوون‌و بڕیاردان‌و دیـــاریکردنی چارەنووســـی خۆیـــداو هـــەر خۆیشـــی بەرپرسیارە بەرامبـەر بـە هـەنگاوە چاك‌و خراپـەكانی خـۆی. جـا ئەگـەر خێزانـەكان وەك مرۆڤێكـی خـاوەن ویست‌و خواست ئەڕواننە مێیینـەكانیان، ئـەوا ئەوانـە بەنهێنی‌و بێ ئاگاداریی كەسوكار كار بە ئازادییەكانیان دەكەن‌و دەشێت لە دوائەنجامدا بە دیاردەی خـراپ یـان كەوتنەوەی توندوتیژی‌و شێواندنی مرۆڤ‌و كەسایەتیەكان تـەواوبێت‌و كاریگـەریی خـراپ لەســەر تاكـەكانی خێزان جێبهێڵێ.

## مانگێکە یا پراخم نەخواردوە!!

هەروەك چۆن مرۆڤەکان لە تێڕوانینو بیروبۆچووندا خاڵی هاوبەشو جیاوازیان هەیە، بەهەمان شێوە لە ڕوی هەستو حەزو ئارەزووەکانیانەوە هاوشێوەو جیاوازنو هەندێك جار بەهۆی لێك تێنەگەیشتنو ڕێکنەکەوتنەوە لەسەر جیاوازییەکان پەیوەندیی نێوانیان ئاڵۆزدەبێتو گرفتی هەمەجۆر دەکەوێتەوە.

"مانگێکە یاپراخم نەخواردوە!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بە مێردەکەی، چونکە بێبەشیکردوە لە هەندێك خواردنی (وەك یاپراخ)، لەبەرئەوەی حەزی لێ ناکاتو هەرکات ژنەهاوسەرەکەی لێی بنێت، دەبێتە مایەی نەهاتنەوەی بۆ نانخواردن یان سەرهەڵدانی گرفتو توڕەبوون، ئەمەش بەبێ هیچ

حسابکردنێك بۆ ئارەزووی ژنەهاوسەرەکەی‌و قبولکردنی جیاوازیی حەزو ئارەزووی خواردن. سەرەنجام ژنەهاوسەرەکە بێتاقەتیی زۆر دایدەگرێت‌و چێژ لەو خواردنە وەرناگرێت کە حەزی لێیەتی. بێگومان ئەو جۆرە هەڵوێستەی مێردەکە هۆکاری زۆرە، لەوانە: هەڵنەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانی بەرامبەردا، بالأدەستیی تێڕوانین‌و حەزەکانی پیاو لەنێو خێزاندا، کارنەکردن بە میکانیزمی یەکسانی‌و ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەکانی ژیانی هاوسەرگیری.

جیاوازیی لە حەزو ئارەزووی هاوسەرەکاندا شتێکی سروشتی‌و شیاوەو نابێت ئەوە بکرێتە گرفت، بەڵکو واچاکە میکانیزمی گونجاو بۆ ڕێکخستنیان بدۆزرێتەوەو ڕێککەوتنی دوولایەنە لەسەر چۆنێتی دەستەبەرکردنیان بهێنرێتەئاراوە، بەبێ ئەوەی کاریگەریی خراپ بۆ بەرامبەر دروست بێت. بۆ نموونە، لەبری ڕەتکردنەوەی حەزی ژنەهاوسەرو خولقاندنی کێشەو ئاڵۆزی، دەکرێت لە کاتی بوونی جیاوازیی

ئارەزووی خواردنێکدا، ڕێز لە خواستی یەکتر بگرن و هەریەکێك ئەو خواردنە بخوات کە حەزی لێیەتی، بەبێ ناچارکردنی لایەنەکەی تر بە دەستبەرداربوون لە ئارەزووەکەی خۆی یان ناچاربوونی لایەنی دوەم بە خواردنی شتێك کە حەزی لێ ناکات، چونکە ئەگەر وانەکرێت، ئەوا ڕۆژانە لەسەر ئارەزووە جیاوازەکان گرفت سەرهەڵدەدات و ژیانی هاوسەرگیری ناخۆش و ئاڵۆز دەبێت و لەبری ئەوەی ساباتی ئارامگرتن بێت، دەبێتە سەکۆی زۆرانبازی.

## هەست بە مرۆڤبوونی خۆم ناکەم!!

مردنی دایکو باوك لە خێزاندا، وێڕای ئەوەی واقعێکی سەختو دڵتەنگ بۆ تاکەکانی دەخاتەوە، زۆرجار شڵۆقیو گرفت دێنێتەئاراوە، بەتایبەتی ئەگەر سامانو موڵکیان بەجێهێشتو بەشێوەیەکی یەکسان دابەشیان نەکرد.

"هەست بە مرۆڤبوونی خۆم ناکەم"، دەربڕینی کچێکە بەرامبەر بە تاقە براکەی کە لە موڵکو ساماندا دوو ئەوەندەی بەشی خوشکەکەی بەردەکەوێت. کارکردنی براکەی بەو بیروباوەڕە تەقلیدییەی ناو کۆمەڵگە خوشکەکەی سەرسامکردوەو تووشی ڕاچڵەکینی کردوە، چونکە براکەی هەمیشە دژی جیاوازیی نێوان نێرو مێو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ

بوەو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دابەشکردنی میرات بەو شێوەیەی ژن نیوەی پیاوی بەرکەوێت ناهەقییەکی ئاشکراو روونەو توندوتیژیی دەروونییە بەرامبەر بە ژن. ئەنجامی ئەوەش ئاڵۆزی کەوتۆتە نێوانیانو کچەکە تووشی نائومێدی، بێمتمانەییو سوکایەتیپێکردن بوەو هەستدەکات مرۆڤی تەواو نییە، بەڵکو نیوە مرۆڤە. ئەم ناهەقیەی براکەشی لە کاتێکدایە کە کچەکە ساڵانێکی زۆر بەدیار براکەیەوە دانیشتوەو بەهۆی ئەوەو دەرفەتی شوکردنی لەدەستداوە.

بێگومان هۆکاری ئەو گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ ئایینو شەریعەتی ئیسلامو ئەو یاسایانەی پشتئەستوور بەوان دارێژراون، باڵادەستیی پیاوسالاری، ژینگەی پەروەردەکردنو کولتووری کۆمەڵگە، بەڵام هیچ کام لەوانە بەربەست نین بۆ ئەوەی مرۆڤی ڕۆشنبیر دژی ئەو جیاوازییە ئەوەستێتو نەبێتە پێشەنگی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو هەنگاوە زیانی مادیو

مەعنەویشی لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەنجام نەدانی ئـەو کارە مانای دووفاقیە لە کەسایەتی مرۆڤی ڕۆشـنبیرداو بەردەوامبوونی ئەو بەها کۆنپارێزانەیە کـە ڕێگـرن لـە دادپەروەری لەناو کۆمەڵگەدا.

## پێم دەڵێت لە چیت کەمە!!

تێڕوانینی جیاواز هەیە سەبارەت بە تێگەیشتن لە چەمکی ئازادیو مافەکانی ژنانو کارپێکردنیان، هەندێك پیاویش باوەڕیان بەو دوو چەمکە نییەو باسکردنیان بە بەرەڵلایی لێکدەدەنەوە. ئەوەش ئاستەنگە بۆ مافەکانی ژنانو کاردانەوەی خراپی دەبێت بۆ مەسەلەی ژنانو سەرچاوەی تێکچوونی پەیوەندییەکانو خولقاندنی کێشەیە.

"پێم دەڵێت لە چیت کەمە!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بە مێردەکەی، چونکە ڕێگری لێ دەکات بۆ کارکردنی لە دەرەوەی ماڵو هەمیشە پێی دەڵێت: لەچیت کەمە؟ بە ئارەزووی خۆت جلوبەرگ دەپۆشیت، نان دەخۆیت، سەردانی خزمو کەسوکار

دەکەیت. ئیدی کارکردنت بۆچییە؟! دەرئەنجامی ئەوەش ژنەهاوسەر هەست بە بێ ئیرادەیی، پلە دوویی و نائارامیی دەروونی دەکات و لەو بڕوایەدایە بەهۆی جیاوازیی تێڕوانین و لێک تێنەگەیشتنەوە ژیانیان ناجێگیرو هەڕەشەلێکراوە.

هەڵوێستی ئەو جۆرە پیاوانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە: دڵپیسی، ئەقڵیەتی پیاوسالاری، نەبوونی باوەڕو متمانە بە ژن، جێگیریی باری ئابووریی پیاو، ئیرەیی، چڕکردنەوەی ئەرکی ژن لە کاری ناومالدا. هەموو ئەو هۆکارانە پاساونین بۆ هەڵوێستی ئەو جۆرە پیاوانە، چونکە کارکردن مافێکی ڕەواو سەرەتایی مرۆڤەو ڕێگرتن لە کارکردنی ژن مانای پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەو کێشەی خێزانیی زۆری لێ دەکەوێتەوە. بۆیە چاکترە ژن و پیاو لە چوارچێوەی خێزاندا لەسەر کۆمەڵە بنەمایەك ژیان بگوزەرێنن کە کەسیان نەبێتە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم مافەکانی ئەوی دیدا، تا هەریەکێکیان هەست بە مرۆڤبوونی خۆی

بکاتو بەختەوەربێتو هەردووکیشیان بتوانن ژیـانێکی ئاسوودەو ئارام پێکەوە بەسەربەرن.

## بەردەوام پەیوەندیمان لە مەترسیدایە!!

"خۆپاراستن لە چارەسەرکردن باشترە"، وتەیەك نییە تەنیا بۆ بەرگرتن لە نەخۆشی بەکاربێت، بەڵکو بنەمایەکی باشە بۆ ڕێگرتن لە ناکۆکیەکانی ژیانی هاوسەرگیری‌و پەردەنەسەندنیان بەجۆرێك کە هەڕەشە لەو ژیانە بکات.

"بەردەوام پەیوەندیمان لەمەترسیدایە!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بە مێردەکەی کە هەمیشە هەستدەکات بێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو ژیانیان لە هەڕەشەدایە، چونکە بەردەوام ڕەفتارو تێڕوانینەکانی دەبێتە جێی باس‌و قسەکردنێکی زۆر لەنێوان خۆی‌و مێردەکەیدا. بەوەش نائارامیی خێزانی، دڵەڕاوکێ، ناجێگیری‌و تێکچوونی پەیوەندییەکان دەبێتە مایەی

ئاڵۆزییەکی زۆر. گرفتەکەش لەوەدایە کە بەبێ بوونی کێشەیەکی سەرەکی هەمیشە ناکۆکیو مشتومڕەکان سەرهەڵدەدەن. بێگومان هۆکاری ئەو حاڵەتەش زۆرە، لەوانە: تێنەگەیشتن لە بابەتێك یان هەڵوێستێکی دیاریکراو لەلایەن یەکێك لە دوو هاوسەرەکە یان هەردوکیانەوە، جیاوازیی تێروانین، نەریتی کۆمەڵایەتی، سروشتو کەسایەتی هەریەکەیان، شێوازو ژینگەی پەروەردەکردن، نزمی یان خراپ بەکارهێنانی لایەنی ئابوری، ناهاوسەنگی لە هاوسۆزیو دەرنەبڕینی خۆشەویستی لایەکیان بۆ ئەوی دی، خەمساردیی لایەكو نەگرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی، نەبوونی پەیوەندی تۆکمە بە خزم و کەسوکاری یەکێك لە دووهاوسەرەکە.

بێگومان بوونی هەریەك لەوانە هۆکارن بۆ ڕودانی گفتوگۆو دروستبوونی کێشە، بەلام گرنگ زانینو دەستنیشانکردنی جۆری کێشەکەو دانانی میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی هاوسەرگیری،

چــونکە خۆدوورخســـتنەوەو دیارینـــەکردنی هۆکارەکــان پەیوەندییەکە ئاڵۆزتردەکاتو ڕوەو کۆتایی دەباتو ڕقو بێزاریشی لێ دەکەوێتەوە نەك چارەسەر.

## باوکم مامەڵەم پێوە دەکات!!

بەهێزبوون و نوێکردنەوە بە پەیوەندی ژن و مێرد لە ژیانی هاوسەرگیریدا پەیوەستە بە جۆری بنەمای گرێدانی ئەو پەیوەندییە کە باشترە لەسەر کۆڵەکەی بنەڕەتی بونیاد بنرێت لەوانە : ڕاستگۆیی و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە نەك مەرجدارکردن بە لایەنی دارایی وبەرژەوەندی و خشڵ و زێڕەوە کە دەرئەنجامەکەی لەناوچوونی ئەو پەیوەندییە یان گۆڕینی ئاڕاستەی بالانسی ژن و مێردایەتی لێبکەوێتەوە.

"باوکم مامەڵەم پێوە دەکات!!"، دەربڕینی کچێکە بەرامبەر باوکەکەی کە پێی وایە زامنی ژیانی کچەکەی بەوە دەکات هاوسەگیرییەکەی مەرجدار بکات بە زێڕو زەمانەتێکی دارایی زۆرەوە، دوور لە خواستی

کچەکەی، لەکاتێکدا باوکەکە دەیەوێت بەزۆرو بێ ڕەزامەندی کچەکەی بیسەپێنێت بەسەر ئەو کوڕەی خۆشی دەوێت. دەرئەنجام کچەکە هەست بە شەرمەزاریی، مامەڵەکردن، پلە دوویی، بێزاریی، شکستی، نائومێدی و بێ ئیرادەیی دەکات.

بێگومان ڕەفتاری باوکەکە چەندین هۆکاری هەیە لەوانە: باوکسالاری، دەسەلاتو پیاوەتی، بە مولکزانینی مێینە، باوەڕنەبوون بە ئازادیو دیاریکردنی چارەنوسی مێینە لەلایەن خۆیەوە، زەوتکردنی ئیرادەی ئەویدی.

ئەگەرچی هیچ کام لەو هۆکارانە پاساونین بۆ دەستێوەردانو بڕیاردان لە چارەنووسی مرۆڤەکان، چونکە پێویستە بنەما مرۆییەکانو خۆشەویستی ببێتە بناغە بۆ گرێدانو گرێبەستی هاوسەرێتی بۆ بەردەوامییەتدانو هەلکردن لەگەڵ یەکتردا، نەک چاوچنۆکیو مامەڵەکردنو بەرژەوەندییەکانو وەك ئەوەی کەلوپەلێك بێت کڕینو فرۆشتنی پێوە بکرێت.

## مێردەکەم جگەرە دەکێشێت!!

ئەگەرچی جگەرەکێشان مەترسی و زیانی تەندروستی و ماددیی زۆرو بەرچاوی لێ دەکەوێتەوە، کەچی زۆرێك لە مرۆڤەکان دەیکێشن و هەندێ جاریش بەهۆی ئالودەبوون و هۆگری و زیادەڕۆیی جگەرەکێشانەوە ئاڵۆزی دەکەوێتە نێو پەیوەندیی تاکەکانی خێزانەوە.

"مێردەکەم جگەرەدەکێشێت!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکی دووگیانە بەرامبەر بە مێردەکەی، چونکە بەردەوام جگەرەدەکێشێت، بێ ڕەچاوکردنی مەترسییەکانی جگەرەکێشان و حسابکردن بۆ هەست و تەندروستیی ژنەهاوسەرەکە. دەرئەنجامی ئەوەش ژنەهاوسەرەکە هەست بە کاریگەرییە تەندروستییەکانی

ئـەو کـارە دەکـات، وەك تەنگەنەفەسـیو دڵـەکوتێ، هەروەها هەست بە نائارامی، بێزاری، دڵەڕاوکێو ترسی لەدەستدانی کۆرپەلەکەی دەکات.

بێگومـان زیـادڕۆیی لـە جگەرەکێشـانداو لێـك نەدانەوەی هەسـتی ژنەهاوسـەر هۆکـاری زۆری هەیـە، لەوانە: ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی ئەوی دی، چێژ وەرگـرتن، ئالودەبوون، خۆبەزلزانین، چاولێکەری، هەسـتکردن بـە گـەورەییو دەسـەڵات، خـەمڕەوێنیو هێمنکردنـەوەی باری دەروونی.

ئەگەرچی جگەرەکێشان یەکێکە لـە ئازادییـەکانی تاکەکەسو ناتوانرێت ڕێگـەی لـێ بگیرێـت، لەهـەمان کاتدا ناکرێت سنووربەزاندن بێت بۆ ئازادییەکانی ئـەوی دیکە. بەو واتایەی زیانو نائارامی بۆ کەسی بەرامبـەر بخولقێنێت. بۆیـە گرنگـە کەسـی جگـەرەکێش هـەوڵی گرتنەبـەری میکـانیزمی جیـاوازو گونجـاو بـدات، بـە ڕەچـاوکردنی شـوێنو کـاتی دیـاریکراو، بەمەبەسـتی

نەخولقاندنی کێشەو نەبوونی زیان، چونکە دواتر پێچەوانەکەی کێشەی جۆربەجۆر لەگەڵ خۆی دێنێت.

## ئالودەی مەی خواردنەوەیە!!

خواردنەوەی مەی لەنێو خێزانەکاندا یەکێکە لەو مەسەلانەی مشتومڕو کێشەی جۆربەجۆر دەخولقێنێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئالودەبون پێوەی دەبێتە خەسڵەتێکی هەمیشەیی پیاو لە ژیانی هاوسەرگیریدا.

"ئالودەی مەی خواردنەوەیە!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بە مێردەکەی، چونکە مەیخواردنەوەی کردۆتە یەکێك لە کارە هەمیشەییەکانی‌و شەوانە بەسەرخۆشی‌و بێئاگایی دەگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەنجامی ئەوەش دەبێتە کەسێکی شەڕانگێزو ترسناك بۆ خێزانەکەی، چونکە زیادەڕۆییکردنی لە خواردنەوەدا وادەکات قسەی ناخۆش بکات‌و جنێوبدات‌و بێ هیچ هۆیەك بەلێدان بکەوێتە

وێزەی ژنەهاوسەرو منداڵەکانی. دەرئەنجام ژنەهاوسەر بەردەوام هەست بە بێزاریی، ترس، دڵەڕاوکێ، ناارامی، شێوانی خێزانو بێتاقەتیی زۆر دەکات.

بێگومان ئالودەبوونی پیاو بە مەیخواردنەوەوە هۆکاری زۆرە، لەوانە: خەمڕەوێنی، دورکەوتنەوە لە واقیع، زەوقو خۆشی، چێژوەرگرتن، ڕاهاتن، بەڵام هیچ کات ئەو هۆکارانە پاساونین بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خەسڵەتە مرۆییەکانی دابتاشرێو ببێتە کەسێکی دڕندەو ئوندڕەو، چونکە لە بنەڕەتدا مەیخواردنەوە بەرێژەیەکی دیاریکراوو بەمەبەستی بەسەربردنی کاتی خۆشو ئارامی باشترە بۆ مرۆڤ، نەك خواردنەوەی زۆر بەئامانجی خۆیەتاڵکردنەوەو دواتر پاساوهێنانەوە بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوت، کە گرفتو ناخۆشیو هەڵوەشاندنەوەی خێزانو پەرتەوازەبوونی تاکەکانی لێ دەکەوێتەوە.

## دەیەوێت کاری لەشفرۆشیم پێ بکات !!

لەشفرۆشی دیاردەیەکە کێشەی دەروونیو تەندروستی زۆری لێ دەکەوێتەوەو گرفتی کۆمەڵایەتی زۆریش دەخوڵقێنێت، لەوانە: تووشبوون بە تاوانکاری، هەڕەشە، فڕاندن، فێڵو تەڵەکەبازیو پارە لێکێشانەوە، کەچی هێشتا باوە لەناو سەرجەم کۆمەڵگە مرۆییەکانداو خەسڵەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

"دەیەوێت کاری لەشفرۆشیم پێ بکات"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بەو مێردەی بە پاساوی جۆربەجۆر هیچ کارێك ناکاتو دەشیەوێت بازرگانی بە جەستەی ژنەکەیەوە بکاتە ئامرازێك بۆ بژێویو دابینکردنی دارایی خێزان. ئەگەرچی ژنەهاوسەرەکە داوای جیابوونەوەی لێ کردووەو نایەوێت بکەوێتە ناو

ئەو کارە ناجۆرەوە، کەچی مێردەکەی هەڕەشەی لێ دەکات بەوەی وازی لێ ناهێنێتو ژیانی لێ تاڵدەکات. بۆیە بەردەوام ژیانی ژنەهاوسەر لە مەترسیدایەو زۆرجار بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوەو هەست بە دڵتەنگی، نائارامی، مەترسی، خەمۆکیو ناجێگیری دەکات.

هۆکارەکانی بوونی ئەو دیاردەیە زۆرن، لەوانە: خراپیی باری ئابووری، ئالودەبوون، تەمەڵیو مشەخۆری، بێکاری، گریو نەخۆشیی دەروونیو ژینگەی پەروەردەیی، بەڵام هیچ کام لەو هۆکارانە پاساوێن بۆ پەنابردن بەو کارەو گوزەراندنی ژیان لەو ڕێگەیەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش، ئەرکی سەرشانی فەرمانڕەوایانو ڕێکخراوە شارستانیەکانو دەزگاکانی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکانە، کە کاربکەن بۆ دەرکردنی یاسای گونجاو بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردەیەو سزادانی تاوانبارەکانو زۆرکردنی هەلی کارکردن بۆ پیاوانو ژنانو بەرزکردنەوەی ئاستی

هوشیارکردنەوەی تاکـەکان. بـۆ ئەمـەش لێکۆڵینـەوەو توێژینەوەو بەدواداچوون ئەنجامبدەن.

## باوکم نایەڵێت شوو بکەم !!

پێکهێنـــانی ژیـــانی هاوســـەرگیری بـۆ کـــوڕو کـــچ یەکێکە لەو مافە مرۆییە سروشتیانەی تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو پێویستە وەك قۆناغێکی گرنگ لـە ژیانـدا خواستو ڕەزامەندیی خـودی مرۆڤـەکانی لەسـەربێتو بەدوور لە فشارخستنە سەر کوڕو کچو ڕێگـرتن لێیـان، چـونکە ئـەوە دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی کێشـەی کۆمەڵایەتیی جۆربەجۆر.

"بـــاوکم نایـــەڵێت شـــووبکەم!!"، دەربـــڕینی کچـێکە بەرامبـەر بـاوکی، چـونکە بـێ ڕەزامەنـدیو ڕاوەرگـــرتنی، ڕێگـــرە لـــە شـــوکردنی کچـــەکەیو هەموو ئەو داخوازانـە ڕەتدەکاتـەوە کـە لـە کچـەکەی دێنـە پێشـەوە. دەرئـەنجامی ئـەوەش کچـەکە هەسـت

بــە نیگــەرانی، بێــزاری، دڵتــەنگی، پلــەدوویی، چەوســـاندنەوە، زۆرداریو ڕقلێبوونـــەوە دەکـــاتو پێیوایــە ژیــانێکی ڕۆتــینو تەقلیــدیو تــەنهایی بەســەردەباتو بۆتــە قوربانیــەك بــۆ خزمــەتکردنی باوكو براکانی.

بێگومان ڕەتکردنەوەو ڕێگرتن لە شووکردنی کچان لەلایەن نێرینـەکانی خێزانـەوە هۆکـاری زۆرە، لەوانـە: زاڵێتی دەسەڵاتی نێرسـالاریو ئەقڵیـەتی پیاوسـالاری، بـەمولکزانینی مێینـەکان، خزمـەتکردنی نێرینـەو میوانەکانی، بەڕێکردنی کارو ئەرکـەکانی مـاڵ، گرێـی دەروونیـــی تاکـــەکان، ژینگـــەی پـــەروەردەکردنێکی نادروســت، ئەنانیــەتو ئیرەیــی.. بــەڵام هەریــەك لــەو هۆکارانە پاساونین بۆ ڕێگرتن لە شوکردنی کچ، چـونکە بڕیــاردان لەســەر چــوونە نێــو ژیــانی هاوســەرگیرییەوە ڕەزامەندیو ئیرادەی تاکەکانی پێویستەو ڕێگریکردنـی هەرکەسـێکیش لێیــان یــان دەســتوەردانە چارەنووســی هەرکەسێك گرفتی جۆربەجۆر بەخۆیەوە ڕاکێشدەکاتو

دواجار تاوانێکە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤو مرۆڤایەتی بەگشتیو خودی تاکەکان بە تایبەتی.

## مێردەکەم تانەی منداڵ نەبوونم لێ دەدات!!

نەبوونی منداڵ لە ژیانی هاوسەرگیریدا، ئەگەرچی هەندێك جار هۆکارەکەی نادیارە، بەڵام کێشەکان قوڵتردەکاتەوەو گرفتی جیاوازیش دەخاتەوە.

"مێردەکەم تانەی منداڵ نەبوونم لێ دەدات!!"، دەربڕینی ژنەهاوسەرێکە بەرامبەر بە مێردەکەی بەوەی بەردەوام بۆڵەبۆڵ دەکاتو تانەی لێ دەدات، لەبەرئەوەی منداڵی نابێت، بەوەش ژیانی لە ژنەهاوسەر تاڵکردووە. لەکاتێکدا پزیشکەکان هیچ هۆکارێکی تەندروستیان نەدۆزیوەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی مێردەکەی هەڕەشەی هێنانی ژنی دووەمی لێ بکات، بەڵام ژنەهاوسەرەکە بەوە ڕازی نییەو داوای جیابوونەوە دەکات. دەرئەنجام

ژنەهاوسەرەکە هەست بە دڵتەنگی، بێتاقەتی، چەوساندنەوە، نائارامی دەروونی‌و ناجێگیری دەکات.

ڕاستە نەزۆکی‌و گرفتی تەندروستی بەگشتی هۆکارن لەبەردەم نەبوونی منداڵدا، بەڵام هەڵوێست وەرگرتنی پیاوانیش لە بەرامبەر ئەوە جێی پرسیارەو هۆکارگەلی تر لەپشتیەوەیە، لەوانە: حەزکردن بە منداڵ، دیدو تێڕوانینی ئایینی، ئەقڵیەتی پیاوسالاری، ئەنانیەت، ژینگەی پەروەردەیی‌و سروشتی تاکەکان، بەڵام هیچ کام لەو هۆکارانە پاساونین بۆ چارەسەری پیاوەکە، چونکە ڕاستە بوونی منداڵ قۆناغێکی گرنگ‌و خۆشە بۆ هەردوولا، بەڵام نەبوونیشی نابێت ببێتە مایەی حساب نەکردن بۆ پێکەوەژیانو بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینەی نێوان هاوسەرەکان یان هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەو ستەمکاری دژ بە ژنەهاوسەر، کە لەڕاستیدا نەبوونی منداڵ ئارەزوومەندانە نەبێت‌و بەدووربێت لە ئیرادەی تاکەکان، جا ژن بێت یان پیاو.

## نەترسم قسە بکەم !!

یـەکێك لـەو توندوتیژیانـەی ڕوویـەرووی ژنـانی کارگەر دەبێتەوە، گێچـەڵپێکردنی سێکسـییە لەلایـەن پیاوانـەوە، بەرامبـەر بـەوەش ژنـان ناچـاری دوو جۆر هەڵوەستە دەبن: یەکێکیان بێدەنگبوونەو ئەوی دیکەیان قسـەکردنە،کە دەرئـەنجامی هەریەکـەیان بـەهۆی هۆکارگەلێکەوە هەمیشە ژنان دەبنە قوربانی.

"نەترسـم قسـە بکـەم!!"، دەربڕینـی ژنـە فەرمانبەرێکە بەرامبەر لێپرسراوی فەرمانگەکـەی کـە پیاوەو خاوەن خێزانە، چونکە بەردەوام بێ هیچ کارێكو بـەبیانووی جۆربـەجۆر بـانگی دەکاتـە ژوورەکـەیو بەشێوازی جیا گێچەڵی پێدەکاتو داوای پەیوەندیی لێ دەکـات. ئـەو هەڵوێسـتە، ئەگەرچـی ئـەو ژنـەی

هەراسانکردووە، بەڵام بەهۆی ترسی لەدەستدانی کارەکەی‌و نەخولقاندنی کێشەی خێزانی، بێدەنگبوونی هەڵبژاردووە، بێ ئەوەی تەسلیمی داواکانی بێت. دەرەنجام ژنە فەرمانبەرەکە هەست بە دڵەڕاوکێ، بێزاری، نائومێدی، بێمتمانەیی‌و ناجێگیری دەکات. جگە لەوەی نائارامە، بەهۆی قسەنەکەردنی لە کێشەکەی. بوونی بێدەنگیی ژنانیش هۆکاری زۆری هەیە لەوانە: عەیبەوتانەو تەشەنە، لەدەستدانی کار، نەبوونی لێپرسینەوەو سزا، سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و کۆمەلایەتی، لەبەر خاتری منداڵ، داڵدەنەدان‌و بێلانەیی، بڕواپێ نەکردنی، لاوازی باری ئابووری‌و پێویستی بە کارکردن.

بێگومان بوونی هەریەك لەو هۆکارانە پاساوێن لەبەردەم ژناندا کە بێدەنگبوون بە چارەسەر بزانن، چونکە لێپرساوێتی ئەرك‌و بەرپرسیارێتییەو ژینگەی کارکردنیش یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیە بێدەنگبوونی ژنان لەئاست ئەو پێشێلکاری‌و

توندوتیژی و گەندەڵیانەی دەرکی پێ دەکەن، مانای یارمەتیدان و درێژەدانە بەو کێشانەو دەبنە ڕێخۆشکەریش بۆ فەرامۆشکردنی تاوانباران.

## ناهەقیم دەرهەق دەکرێت !!

بوونی لاسەنگیو نایەکسانی جیاکاری زۆری خستۆتە نێو ڕەگەزەکانەوە، بەشێوەیەك زۆرجار ناهەقیو ستەمی بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە. بەو واتایەی ئەگەرچی تواناو لێهاتوویان هەبێت، بەڵام بەهۆی هۆکارگەلێکەوە ڕێیان پێ نادرێت بچنە پۆستە بالاکانەوە.

"ناهەقیم دەرهەق دەکرێت"، دەربڕینی ژنە فەرمانبەرێکە کە ساڵانێکی زۆرە بەتوانا و لێزانە، بەڵام تەنها وەك فەرمانبەرێك لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوەو ڕێگەی پێ نەدراوە پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی وەربگرێت، جگە لەوەی بەهۆی پلەی حزبایەتییەوە پیاوێك پاڵێوراوی ئەو پۆستەیە.

دەرئەنجامی ئەو ناهەقییە، ژنەفەرمانبەر هەست بە جیاکاری ڕەگەزی، نائومێدی، بێزاریی، نایەکسانی، نادادپەروەریو ستەم دەکات.

ئەولەویەتدان بە پیاوێك بۆ وەرگرتنی باڵاترین پۆست لە ناوەندەکانی کارکردندا، هۆکارگەلێکی هەیە، لەوانە: دەستێوەردانو ململانێی حزبایەتی، زاڵێتی دەسەڵاتو ئەقڵیەتی پیاوسالاری، بێمتمانەیی بە توواناو لێپرسراوێتی ژن، تەنها بەهۆی مێینەبوونەوە، ڕێخۆش نەکردنی دەرفەت لەبەردەم ژنانو خودی ژنان خۆیاندا. ئەگەرچی هیچ کام لەو هۆکارانە پاساونین لەبەردەم بوونی جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو پێویستە توانا، پسپۆڕی، شارەزایی، لێهاتوویيو ئەزموون ببێتە پێوەری ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، نەك بەرژەوەندییە حزبيو ناسینو خزمایەتیەکان، چونکە پێچەوانەکەی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هۆکارێکیشە بۆ دواکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵگە بەگشتی و چەوساندنەوەی ژنان. لەهەمان کاتدا کاریگەریی خراپ

دەخاتە سەر ناوەندی بڕیارسازی، گەر تەنها ڕەگەزێك ببێتە دارێژەرو پلاندانەری ستراتیژیەتی ناوەندەکانی کار.

## دەڵێت واز لە کارەکەت بهێنە !!

وێڕای ئەوەی کارکردنی مرۆڤ گرێدراوی لایەنی پسپۆڕیو بڕوانامەیە، بەڵام زۆر جاریش ئارەزوو، شارەزاییو ئەزموونی مرۆڤ وادەکەن خولیاو خۆشەویستیو داهێنانی لە بوارێکی دیاریکراودا ببێتە خەمێکی گەورەی کارکردنی کە ڕێگریکردن لێی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرێیەکی دەروونیو خولقاندنی کێشەی جیاواز.

"دەڵێت واز لە کارەکەت بهێنە!!"، دەربڕینی ژنە هاوسەرێکە بەرامبەر مێردەکەی، چونکە ئەگەرچی کارکردنی لە بواری ڕاگەیاندندا مێژوویەکی درێژو خولیایەکی لەمێژە لەناخیدا، بەڵام مێردەکەی ڕەزامەند نییە لە بەردەوام بوونی لەو کارەداو پێی وایە بەهۆی

دەرکەوتن‌و ناوبانگی ژنەکەیەوە دووچاری ڕووبەڕووبونەوەو پرسیارگەلێکی دەوروبەر دەبێتەوە. دەرئەنجامی ئەوەش ژنەهاوسەر دووچاری بێزاریی، نائومێدی، بێمتمانەیی، بێتاقەتی و نائارامیی دەروونی بۆتەوە.

بێگومان ڕێگریکردنی ژنان بۆ کاری ڕاگەیاندن هۆکار گەلێکی هەیە، لەوانە: دابونەریتی کۆمەڵگە، تانەو تەشەرەی خەڵك، بێسنووری لە کات، بەرفراوانی پەیوەندییەکان، دەرکەوتن، ئیرەیی، جۆری ستەم و هەڵسوکەوتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ژناندا، ئەقڵیەتی پیاوسالاری‌و نەزانینی ئەو بوارە بە کاری ژنان. ئەگەرچی هیچ کام لەو هۆکارانە پاساوێن بۆ سنوردانان‌و ڕێگریکردنی ژنان لە کارکردندا، چونکە هەر مرۆڤێك ئازادە لە جۆرو شوێنی کارکردنی تا لە ڕێگەیەوە بەدەر لە بەدەستهێنانی دەستکەوت‌و سەربەخۆیی ئابوری بتوانێت لە ڕێگەیەوە خزمەت بکات و بوونی خۆی وەك مرۆڤێك بسەلمێنێت.

## بە زۆر بەشووم دەدات!!

هاوسەرگیری لە ژیانی مرۆڤدا یەکێکە لەو قۆناغە هەستیارانەی ئارەزوو و ویستو ڕەزامەندیی دوولایەنەی گەرەکە، چونکە دەستێوەردانو فشارخستنە سەر هەرلایەك دەبێتە مایەی کەوتنەوەی ئاڵۆزیو سەرهەڵدانی کێشەی خێزانیو مرۆیی جۆراوجۆر.

"بەزۆر بەشووم دەدات!!"، دەربڕینی خوشکێکە بەرامبەر بە براکەی، چونکە لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیداو بۆ گەیشتن بەو کچەی حەزی لێ کردوە، دەیەوێت ژن بەژنی پێ بکاتو بە زۆر فشاری بخاتە سەر، هەتا چۆك بۆ واقیعەکە دابدات. ئەمەش بێ گوێدانە ویستو خواستی خوشکەکەی، کە پێیوایە هێشتا کاتی شوکردنی نەهاتوەو خوێندنی تەواونەکردوەو حەزدەکات زانکۆ تەواوبکات. ئەنجامی

ئەوەش خوشکەکەی هەست بە چەوساندنەوە، سوکایەتی پێ کردن، پلەدوویی، مەترسی، بێزاری، دڵەڕاوکێ، نائارامیی دەروونی، نائومێدیو بێتاقەتی زۆر دەکات. ئەمەش بە ڕادەیەك کە هەندێك جار بیر لە هەڵهاتن یان خۆکوشتن دەکاتەوە.

ئەگەرچی مەسەلەی ژن بەژن هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بوونی هەیەو هۆکاری زۆر لە پشتییەوەیە، لەوانە: ئەقڵیەتی پیاوسالاری، دابونەریتی کۆمەڵگە، نەریتی خێڵەکی، زاڵیێتی دەسەڵاتی نێرینە، لاوازیو سستیی باری ئابووری، سەیرکردنی ژن وەك کاڵایەكو حساب نەکردن بۆ ویستو خواستی.. بەڵام هیچ کام لەو هۆکارانە پاساونین بۆ ئەوەی ژن بەژن ببێتە بنەما بۆ ئەنجامدانی هیچ هاوسەرگیرییەك، چونکە بەدەرە لە هەموو بنەمایەکی مرۆییو پێشێلکارییە بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ. وێڕای ئەوە دەبێت هاوسەگیری لەسەر بنەمای یەکترناسینو قبولکردن بێتو بە ویستو خواستی دوولایەنە بێتو دووربێت لە دەستێوەردانو

فشاری کەسوکار. لەبەرئەوەی هەر زۆربۆهێنان و ناچارکردنێك دواجار پەشیمانی، گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی جۆربەجۆرو جیابوونەوەی لێ دەکەوێتەوە.

## مێردەکەم دەیەوێت جڵەوم بکات !!

ئەگەرچی فـرە بـیروڕاو بیروبۆچـوونو ئایـدۆلۆژیای جیاجیای مرۆڤەکان یەکێکە لە ئازادییەکانی تاکەکان و مافەکانی مرۆڤ ، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانـدا زۆرجـار کاتێـك لـەنێو هاوسـەرەکاندا بـوونی دەبێـت، کێشەی جۆربـەجۆر دەخوڵقێنێـتو کاردانـەوەی خـراپ دێنێتە ئاراوە .

"مێردەکەم دەیەوێت جڵەوم بکـات !!" دەربـڕینی ژنە هاوسەرێکە بەرامبەر مێردەکەی، چونکە کـۆنترۆڵی فکری دەکاتو دەیەوێت بـە ویسـتی ئـەوو بـەدوور لـە ئیرادەو باوەڕبوونی خۆی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە لایەنێك یان پارتێکی دیاریکراو بدات، بەبێ ئـەوەی قەناعـەتو بـاوەڕی بـە بەرنامـەوکارەکانیان هـەبێت.

بەوەش گرژی، ئـاڵۆزی، دەمەبۆڵـە، ناخۆشـیو گرفـت کەوتۆتـە نێوانیـان و کاریگـەری زۆری خـستۆتە نێـو ژینگەی پەیوەنـدیو خێزانەکـەیان . دەرئـەنجامی ئـەو زۆرلێکردنە بێتاقەتی، بێزاریی، نائومێدیو سەرسـامی بۆ ژنە هاوسەر لێ کەوتۆتەوە.

هۆکارەکانی ئەو زۆرلێکردنە جۆربەجۆرە، لەوانـە: باوەڕنەبوون بەوی دیکـەو بۆچـوونی جیـا ،هەڵنـەکردن لەگـەڵ خاڵـە جیاوازەکـانی ئەویـدی، بـاوەڕبوون بـە دیکتاتۆریـەت، زاڵبـوونی دەسـەڵاتی تاکگـەرایی، کارنـەکردنو بێبـاوەڕی بـە بنـەماکانی دیموکراسـی، سـەپاندنی بـیروڕا، زاڵـێتی ئەقلیـەتی نێرسـالاری، ڕێزنـەگرتن لـە بـیروڕای ئەویـدیو قبوڵنـەکردنی ڕای جیاواز. گشت ئـەو هۆکارانـە ئەگەرچـی ئـەو حاڵەتـە دەخولقێنن، بەڵام ناکرێـت کاریگـەریی خـراپ لەسـەر هاوسـەرەکان بـەجێبهێڵێ، چـونکە جیـاوازیی بـیروڕا یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی و هەروەك چۆن مـرۆڤ پێویستە برەو بە خاڵـە هاوبەشـەکانی نێوانیـان بـدات،

ئەوەندەش گرنگە خاڵە جیاوازەکانی یەکتری قبوڵ بکەن ڕێگری و دەستێوەردانیان نەبێت بۆنازادییەکانی یەکتری.

## ناواخن

| | |
|---|---|
| دەستپێك | 5 |
| پێم دەڵێن | 9 |
| وەك خۆم قبوڵم بكە!! | 12 |
| هەست بە نائارامی دەكەم!! | 15 |
| هەموو پیاوەكان وەك یەكن ! | 18 |
| دەگمەن هەست بە ڕەحەتبوون دەكەم !! | 21 |
| ڕقم لە خۆم دەبێتەوە! | 24 |
| بەدگومانم لە مێردەكەم !! | 27 |
| دانیشە با بێین نەبیت !! | 30 |
| خۆشەویستیی مێردەكەم لاوازبووە!! | 33 |
| مێردەكەم درۆم لەگەڵ دەكات!! | 36 |
| مێردەكەم ئامادەی گفتوگۆكردن نییە! | 39 |
| مێردەكەم خیانەتم لێ دەكات!! | 42 |
| مێردەكەم دڵی پیسە!! | 45 |
| مێردەكەم لێم دەدات!! | 48 |
| لە شەوی بووكێنی دەترسم!! | 51 |

| | |
|---|---|
| مێردەکەم پێم دەڵێت دایکی کچان!! | 54 |
| مێردەکەم سڵم لێ دەکاتەوە!! | 57 |
| چێژ لە پەیوەندیی سێکسی وەرناگرم | 60 |
| مێردەکەم هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات!! | 63 |
| هەست بەنازار دەکەم!! | 66 |
| هەست بە بێزاری دەکەم !! | 69 |
| هەست بە پیواری هاوڕێکەم دەکەم!! | 72 |
| مێردەکەم لە هاوڕێیەتیم تێناگات!! | 75 |
| دەزگیرانەکەم بایەخم پێنادات!! | 78 |
| خەسووم بۆتە کێشەی نێوانمان!! | 81 |
| تەڵاق بۆتە چەکی فشار لەلای مێردەکەم!! | 84 |
| پیاو سەرچاوەی چەوساندنەوەمە!! | 87 |
| بریار لە چارەنووسم دەدەن!! | 89 |
| مانگێکە یاپراخم نەخواردوە!! | 92 |
| هەست بە مرۆڤبوونی خۆم ناکەم!! | 95 |
| پێم دەڵێت لە چیت کەمە!! | 98 |
| بەردەوام پەیوەندیمان لە مەترسیدایە!! | 101 |
| باوکم مامەڵەم پێوە دەکات!! | 104 |
| مێردەکەم جگەرە دەکێشێت!! | 106 |

ئالودەی مەی خواردنەوەیە!! 109

دەیەوێت کاری لەشفرۆشیم پێ بکات !! 111

باوکم نایەڵێت شوو بکەم !! 114

مێردەکەم تانەی منداڵ نەبوونم لێ دەدات!! 117

ئەترسم قسە بکەم !! 119

ناهەقیم دەرهەق دەکرێت !! 122

دەڵێت واز لە کارەکەت بهێنە !! 125

بە زۆر بەشووم دەدات!! 127

مێردەکەم دەیەوێت جلەوم بکات !! 130

نرخی (١٠٠٠) دیناره

*They Soy it to me!*

*perspectives on the concerns of women*

*by: Knier Abbdullah*

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان